# پێش ئەوەی واز لە کارمەندی بهێنیت

لەم کتێبەدا ئەو شتە باسکراوە کە
دەبێت پێش دروستکردنی بزنس بیزانیت



زێوەر غەریب
گەشتیار غەریب

ناسنامەی کتێب:

- ناوی کتێب: پێش ئەوەی واز لە کارمەندی بهێنیت
- نووسین: ڕۆبێرت کایۆساکی
- وەرگێڕان: گەشتیار غەریب – زێوەر غەریب
- پێداچوونەوە: زێوەر غەریب
- دیزاینی بەرگ: میر موکری
- نۆرەی چاپ: یەکەم
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٤
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٦ هەزار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٥٣٦)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.

# بۆ داواکردنی کتێبەکە

☑ سەردانی ئەم لینکە بکەن:

https://forms.gle/9ignv41VZcUccJo48

# پێشەکی

من نازانم تۆ خاوەنکاریت یان کارمەند، بەڵام دەزانم ناونیشانی ئەم کتێبە سەرنجی ڕاکێشاویت، بۆیە پێشەکی دەخوێنیتەوە.

ئەگەر من نووســـــەری ئەم کتێبە بام، ناوم دەنا: "پێش ئەوەی بزنس دروســـت بکەیت". چونکە (ڕۆبێرت کایۆســـاکی) بە وردیی باســی مەترســییەکانی بزنس دەکات و چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن بووە کارمەند تا فێری فرۆش بێت و دواتر بزنســـــی دروســـــتکرد. زۆر بە وردییش باســـــی شـــــکســـــتەکانی خۆی و هەستەکانی دەکات لە کاتی شکستهێنانی بزنسەکەیدا.

من تەواو ســـــەرســـــامم بەم کتێبەی ئامادەمان کردووە بۆ کتێبخانەی کوردی. هیچ گومانم نییە دوای تەواوکردنی ئەم کتێبە تۆش وەک من چەندە سەرسام دەبیت بەم کتێبە.

کۆتا قســـــەم: من چەندین ســـــاڵە ســـــەرســـــامم بە کتێبەکانی کایۆســـــاکی، ئەمە یەکەم کتێبمانە کە دەیکەینە کوردی، بەڵام کۆتا کتێبمان نابێت.

گەشتیار غەریب

٢٠٢٤/٦/٩ - سلێمانی

# بەشی یەکەم

# چۆن وازم لە کارمەندی هێنا؟

یەکەمین بەشـی کتێبەکە باسـێکە لە چیرۆکی وازهێنانم لە کارمەندی و دەستکردنم بە بزنسی خۆم. هەروەها تێگەیشتنە لە دیدگای خاوەنکار و کارمەند.

بابەتەکانی ئەم بەشە:


**سەرەتای ژیانێکی نوێ**

**ئایا هەندێک کەس بە خاوەنکاریی لەدایکبوون؟**

**بەناوبانگترین خاوەنکارەکان**

**لە کرمەوە بۆ پەپولە**

**من شکستخواردووم**

یەکێک لە ترسناکترین ڕۆژەکانی ژیانم ئەو ڕۆژە بوو کە وازم لە کارمەندی هێنا و بە فەرمی بوومە خاوەنکار. دەمزانی کە چیتر مووچەی جێگیرم نەماوە، بیمەی تەندروستی و مووچەی خانەنشینی نەماوە. چیتر ڕۆژانی پشوو بەهۆی نەخۆشی نەماوە.

داهاتم سفر بوو، نەبوونی مووچەیەکی جێگیر یەکێک بوو لە ترسناکترین ئەو ڕووداوانەی تا ئێستا ئەزموونم کردووە. لە هەمووی خراپتر، نەمدەزانی چەندە کات دەخایەنێت تا مووچەیەکی دیکەی جێگیرم هەبێت. لەوانەبوو ساڵانێک بخایەنێت.

لەو ساتەی وازم لە کارمەندی هێنا، زانیم هۆکاری ڕاستەقینەی ئەوەی زۆرێک لە کارمەندان نابنە خاوەنکار، ترسە لە نەبوونی پارە.

هیچ داهاتێکی گەرەنتیکراو و هیچ مووچەیەکی جێگیرم نەبوو، کەم کەس دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ پارە بژین. بەڵام خاوەنکارەکان جیاوازن و یەکێک لە جیاوازییەکانی خاوەنکار لەگەڵ کەسانی دیکە، توانای کارکردنە بەبێ پارە.

خەرجییەکانم بەرزبووەوە. وەک خاوەنکارێک دەبوو: (ئۆفیس، گەراجی ئۆتۆمبێل و کۆگا بە کرێ بگرم).

هەروەها ئەمانەش بکڕم: مێز، تەلەفۆن، پارەی گەشتکردن، هۆتێل، تاکسی، پارەی نانخواردن، پرینتەر، قەڵەم، کاغەز، پۆستە و بروشور و چەندین شتی دیکەش بکڕم.

هەروەها دەبوو ســـــكرتێر و ژمێریار و پارێزەر و تەنانەت خزمەتگوزاری دەرگاوانیش بەكرێ بگرم.

ئەمـانە هەمووی ئەو خەرجییـانە بوون كە خـاوەنكـارەكەی پێشووم كردبووی. تێگەیشتم لەوەی كە دامەزراندنم وەك كارمەند چەندە زەحمەت بووە بۆ خاوەنكارەكەم. تێگەیشـــتم كە تێچووی كارمەند زۆر زیاترە لەو چەند دۆلارەی كە مانگانە پێی دەدرێت.

كەواتە دووەم جیاوازیی نێوان كـارمەندان و خـاوەنكـارەكان ئەوەیە كە: پێویســتە خاوەنكارەكان بزانن چۆن پارە خەرج بكەن، تەنانەت ئەگەر پارەشیان نەبێت.

## سەرەتای ژیانێکی نوێ

ئەو ڕۆژەی وازم لە کارمەندی هێنا، لە (پۆرتوگال) بووم لە شاری (سان خوان)؛ بەدیاریکراویی مانگی (٦ی ساڵی ١٩٧٨) بوو. لەوێ بووم بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی کۆمپانیای (زیرۆکس). خەڵک لە هەموو جیهانەوە هاتبوون تا ئامادەی ئاهەنگەکە بن.

بۆنەیەکی گەورە بوو، باوەڕم نەدەکرد کە زیرۆکس ئەوەندە پارە خەرج بکات لە مارکێتینگ و ڕیکلامدا.

هەرچەندە ئاهەنگێکی ناوازە بوو، بەڵام کاتێکی ناخۆشم بەسەر دەبرد. بە درێژایی ئەو ئاهەنگە سێ ڕۆژییە، تەنها شتێک کە بیرم لێدەکردەوە، وازهێنان لە کارمەندی و مووچەی جێگیر بوو. من (٤ ساڵ) بوو کارمەندی کۆمپانیای زیرۆکس بووم، دەمزانی دوای ئاهەنگەکە ناگەڕێمەوە بۆ کارەکەم و واز لە کارمەندی دەهێنم.

ئاهەنگەکە تەواوبوو و گەڕامەوە. لە گەڕانەوەدا فڕۆکەکە حاڵەتێکی لەناکاوی بەسەردا هات؛ بەپەلە ئامادەکاریان کرد بۆ نیشتنەوە. کاپتنی فڕۆکەکە ئاگاداری کردینەوە کە خۆمان ببەستینەوە و خۆمان بۆ ئەگەری کەوتنەخوارەوە ئامادە بکەین.

ئای لەو بەختە ڕەشە! من هەر پێشتر هەستم دەکرد ژیانێکی سەخت چاوەڕێمە، بەڵام ئێستا دەبێت ئامادەبم بۆ کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکە و مردن!

دیارە کە فڕۆکەکە بێ کێشە نیشتەوە و نەکەوتە خوارەوە، منیش لە مردن ڕزگارم بوو، بەڵام هەستێکی ناخۆشم هەبوو.

پاش چەند ڕۆژێک بەرەو شـــیکاگۆ فڕیم بۆ دروســـتکردنی کاری خۆم، بڕیار بوو بەشـداریی لە پێشـکەشـکردنی گرێبەسـتی سپۆنسەر بۆ (جزدانی ڤیلکرۆ) بکەم.

گەشـتی فڕۆکەکەم دواکەوت و درەنگ گەیشـتمە شـیکاگۆ، ئەو بەڕێوبەرەی بڕیار بوو چاوم پێی بکەوێت، لەوێ نەمابوو. لە دڵی خۆمدا وتم: ئەمە دەستپێکێکی باش نییە بۆ وازهێنان لە کارمەندی. ئەگەر ئەم گرێبەستە ڕوونەدات، زیانێکی زۆر دەکەم.

## ئایا هەندێک کەس بە خاوەنکاریی لەدایکبوون؟

ڕۆژێک پرسـیارم لە باوکی دەوڵەمەند کرد کە: ئایا مرۆڤەکان بە خاوەنکاریی لەدایکبوون یان بە ڕاهێنان دەبنە خاوەنکار؟

وتی: ئەو پرســـیارە هیچ مـانـایەکی نییە؛ مرۆڤەکـان خۆیان هەڵیدەبژێرن کارمەند بن یان خاوەنکار. هۆکاری ئەوەی کارمەند لە خـاوەنکـار زیـاترن، تەنهـا ئەوەیە کە قوتـابخـانە منداڵەکـانمـان ڕادەهێنن بۆ ئەوەی ببنە کارمەند.

زۆرێک لە دایک و باوکان بە منداڵەکەیان دەڵێن: بخوێنە تا بە مووچەیەکی باش دابمەزرێیت. تا ئێســـتا گوێم لە دایک و باوکێک نەبووە بڵێت: بخوێنە تا ببیتە خاوەنکار!

# کارمەندی شتێکی نوێیە

کارمەندی دیاردەیەکی تا ڕادەیەک نوێیە. زۆربەی مرۆڤایەتی لە قۆناغی کشتوکاڵدا خاوەنکار بوون. کاری جوتیاری، قەسابی، نانەوا، وەستای خشت و ناڵبەند بوون.

لە سەردەمی پیشەسازیدا خواست لەسەر کارمەندی زیادی کرد. حکوومەت قوتابخانەی کردەوە، تا پەروەردەی کۆمەڵگا بگرێتە ئەستۆ و سیستەمی (پڕۆس)ی جێبەجێ کرد. ئەمڕۆ زۆربەی سیستەمی قوتابخانەکانی ڕۆژئاوا لە جیهاندا بە سیستەمی پڕۆس کاردەکەن.

کاتێک لێکۆڵینەوە لە مانای (سیستەمی پڕۆس) دەکەیت، بۆت دەردەکەوێت کە بریتیە لە: (جێبەجێکردنی فەرمان). واتا: ئەو کەسانەی کە فەرمانیان پێ دەکرێت و فەرمانەکە جێبەجێ دەکەن. لە ڕابردوودا سەربازەکان لە سوپادا کەسانی پڕۆس بوون.

## بەناوبانگترین خاوەنکارەکان

ڕەنگە تێبینی ئەوەتان کردبێت کە زۆرێک لە بەناوبانگترین خاوەنکارەکان خوێندنیان تەواو نەکردووە. هەندێک لەو خاوەنکارانە بریتین لە:

- تۆماس ئەدیسۆن، دامەزرێنەری کۆمپانیای جەنەراڵ ئێلیکتریک.
- هێنری فۆرد، دامەزرێنەری کۆمپانیای فۆرد.
- بیڵ گەیتس، دامەزرێنەری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت.
- ڕیچارد برانسۆن، دامەزرێنەری کۆمپانیای ڤیرجن.
- مایکل دێڵ، دامەزرێنەری کۆمپانیای دێڵ.
- ستیڤ جۆبس، دامەزرێنەری کۆمپانیای ئەپڵ.
- تێد تۆرنەر، دامەزرێنەری کەناڵی سی ئێن ئێن.

دیارە بەهەمانشـــێوە خاوەنکاری دیکەش هەن کە خوێندنیان تەواو کردووە. بەڵام هێندەی ئەمان بەناوبانگ نین.

# لە کارمەندییەوە بۆ خاوەنکاریی

من وەک خاوەنکار لەدایک نەبووم. دەبوو ڕاهێنانم پێ بکرێت بۆ بوون بە خاوەنکارێکی سەرکەوتوو. کاتێک کارمەند بووم، باوکی دەوڵەمەندم ڕێنمایی دەکردم زۆر خۆم ماندوو بکەم و فێرببم، بەڵام ئەو فێربوونە بۆ من سەخت بوو؛ دەبوو پێش ئەوەی تێبگەم لە وانەکانی بزنس، زۆر شتی دیکە فێرببم.

سەخت بوو لە ئامۆژگارییەکانی باوکە دەوڵەمەندەکەم تێبگەم. چونکە قسەکانی پێچەوانەی قسەکانی باوکی ڕاستەقینەم بوو.

باوکی ڕاستەقینەم دەیوت: بخوێنە بۆ ئەوەی دابمەزرێیت بە مووچەیەکی باش.

ئەم دوو فەلسەفەیە لە مێشکمدا دژبەیەک بوون و سەرم لێ دەشێوا.

# جیاوازیی ئاسایشی کار و ئازادیی

لە کۆتاییدا پرسیارم لە باوکی دەوڵەمەند کرد: ئایا ئاسایشی کار و ئازادی یەک شت نین؟

باوکم بە زەردەخەنەوە وتی: هەرگیز ئاسایشی کار و ئازادی وەک یەک نین، بەڵکو پێچەوانەن. تا زیاتر بەدوای ئاسایشی کاردا بگەڕێیت، ئازادیت کەمتر دەبێتەوە.

ئەو کەسانەی زۆرترین ئاسایشیان هەیە، لە زینداندان. لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئەگەر ئازادیت دەوێت، پێویستە واز لە ئاسایشی کار بهێنیت.

کارمەندان هەوڵی ئاسایشی کار دەدەن و خاوەنکارەکان بەدوای ئازادیدا دەگەڕێن.

کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا هەمووان دەتوانن ببنە خاوەنکار؟

وەڵامی من ئەوەیە: بەڵێ، سەرەتا دەبێت ئازادیت لە خواستی ئاسایشی کار بۆ گرنگتر بێت. دواتر بگەیت بەو ئازادییە.

## له كرمەوە بۆ پەپوولە

ئەم کتێبە باس لەو گۆڕانکاریانە دەکات کە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت، لە کارمەندەوە بۆ خاوەنکار. ئەمەش لە گۆڕانی کرم بۆ پەپولە دەچێت.

زۆر کەس خەون بەوە دەبینن واز لە کارمەندی بهێنن و دەست بە بزنسی خۆیان بکەن، بەڵام تەنها چەند کەسانێکی کەمیان دەتوانن ببنە خاوەنکار. بۆچی؟ چونکە لە کارمەندییەوە بۆ خاوەنکاری ئاسان نییە.

هەموومان دەزانین کە پەپولە لە بنەڕەتدا کرمە، بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە و قۆزاخەیەک دروستدەکات تا دەبێتە پەپوولە. لە کرمەوە بۆ پەپولە گۆڕانکارییەکی گەورەیە. کرمێک کە زۆر بە زەحمەت دەتوانێت بڕوات، دەبێتە پەپولەیەک کە سەدان مەتر بە ئاسماندا دەفڕێت.

کارمەندێکیش کە چەند مەترسییەکی کەم لە بزنسدا لە ئەستۆ دەگرێت، ئێستا دەیەوێت ببێتە کەسێک کە هەموو مەترسییەکان لەسەر شانی بن.

## ئەوانەی باسی خاوەنکاری دەکەن، خۆیان کارمەندن

لە ماوەی ســـاڵانی ڕابردوودا چەندین کتێبم خوێندووەتەوە دەربارەی خاوەنکاریی. چەندین ســـاڵ لێکۆڵینەوەم لە ژیانی خاوەنکارانی وەک (تۆماس ئەدیسۆن، بیڵ گەیتس و هێنری فۆرد) کردووە.

هەروەها کتێبم خوێندەوە لەسەر ئەو تەکنیکانەی کە وادەکات ببیتە خاوەنکارێکی باشتر. هەندێک زانیاریی دەگمەنم دۆزیەوە کە یارمەتیدام بۆ ئەوەی ببمە خاوەنکارێکی باشتر.

نووســـەری ئەو کتێبانەی لەبارەی خاوەنکارییەوە خوێندومنەتەوە، دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:

- ئەو نووسەرانەی خاوەنکارن
- ئەو نووسەرانەی خاوەنکار نین

زۆربەی کتێبەکان لەلایەن ئەو کەســـانەوە نووســـراون کە خاوەنکار نین. لەلایەن کەسانێکەوە نووسراون کە ڕاهێنەر، یان مامۆستای کۆلێژ و زانکۆکانن.

بەگشتی لە هەموو کتێبێکدا شتانێکی گرنگم دەستکەوتووە، بەڵام شـــتێک هەیە کە لە هیچکام لە کتێبەکاندا نەمدۆزیەوە. کە ئەویش بریتیبوو لە: (هەڵە ترسناکەکان و چیرۆکە ترسناکەکانی گەیشتن بە خاوەنکاری)! کە بە نزیکەیی هەموو خاوەنکارێک پێیدا تێدەپەڕێت.

ئەوان لە کتێبەکانیاندا خاوەنکاریی وەک پڕۆسەیەکی بەچێژ و ئاسان لە مێشکی خوێنەردا وێنا دەکەن. لە کاتێکدا پڕە لە چیرۆکی شکست و زەرەرکردن.

ئەو کتێبانە بەجۆرێک باس لە خاوەنکارەکان دەکەن وەک ئەوەی بە خاوەنکاریی لەدایک بووبن. وەک بڵێی خاوەنکاری بەهرە و لێهاتووییە!

## ئێمە ئەوە ناکەین

ئەم کتێبەی دەینووسم لەلایەن کەسێکەوە نووسراوە کە خۆی کارمەند بووە و دواتر بووەتە خاوەنکار. سەرکەوتن و شکستی بزنسی ئەزموون کردووە.

ئەمڕۆ کۆمپانیاکەم؛ (باوکی دەوڵەمەند) بزنسێکی گەورەی نێودەوڵەتییە و بەرهەمەکانمان بە (٤٤) زمانی جیاواز بڵاودەکەینەوە. کۆمپانیاکەی ئێمە لە زیاتر لە هەشتا وڵاتدا وەبەرهێنان دەکات.

ئەم کۆمپانیایە لە سفرەوە لەلایەن (من و کیم)ی هاوسەرم و هاوبەشەکەمان (شارۆن لێتچەر) دامەزرا.

یەکەم کتێبمان (باوکی ساماندار باوکی هەژار) بوو کە زیاتر لە (چوار ساڵ و نیو)ە لە لیستی پڕفرۆشترین کتێبەکانی گۆڤاری (نیویۆرک تایمز)دایە. ڕەنگە تا کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەش، هەر لە لیستەکەدا بێت.

بۆیە لەبری ئەوەی کتێبێک بنووسین و باسی زیرەکی خۆمان بکەین،

ئەم کتێبەمان نووسی تا باسی سەختییەکانی خاوەنکاربوونتان بۆ بکەین. نەک بۆ ئەوەی واز لە کارمەندی نەهێنن، بەڵکو بۆ ئەوەی کاتێک وازتانهێنا شۆک نەبن!

لەبری ئەوەی پێتان بڵێین: چۆن ملیۆنان دۆلارمان دەستکەوت، باسی ئەوە دەکەین: چۆن کەوتینەتە ناو سەختییەکانی دروستکردنی بزنسەوە.

لەجیاتی ئەوەی باسی سەرکەوتنەکانمان بکەین، باسی شکستەکان دەکەین و دەرسی لێوەردەگرین بۆ سەرکەوتن.

ئێمە ناتانخەڵەتێنین، ڕاستییەکان و پشت پەردەی خاوەنکاریتان بۆ باسدەکەین.

## بۆچی باسی شکست دەکەین؟

زۆرکەس لە ترسی شکست هەرگیز ناتوانن ببنە خاوەنکار. ئەگەر باسی ئەو شتانەت بۆ بکەین کە زۆر لێی دەترسیت، باشتر واقعەکە دەناسیت و دەزانیت کە: ئایا خاوەنکاری بۆ تۆیە یان نا.

مەبەستمان ئەوە نییە ئێوە بترسێنین. مەبەستمانە تێڕوانینێکی ڕاستەقینە لەسەر دروستکردنی بزنس پێشکەشی ئێوە بکەین.

هۆکارێکی دیکەی نووسین لەسەر شکست ئەوەیە کە: لە هەڵەکردنەوە فێردەبین. ئێمە لە منداڵیدا بە کەوتن و هەستانەوە و دووبارە کەوتن فێری ڕۆیشتن لەسەر قاچەکانمان دەبین.

## ئەو شتەی لە هیچ کتێبێکدا نەمدۆزیەوە

وەک پێشــــتریش وەتم، ئەو شـــتەی لە هیچکام لە کتێبەکانی بزنســدا بەدیم نەکردووە، باســکردنە لەو تاقیکردنەوە هەســتی و ناخۆشانەی کە خاوەنکارێک پێیدا تێدەپەڕێت.

باس لەوە ناکەن کە چی بەســــەر خاوەنکاردا دێت کاتێک کارەکەی شـــکســـت دەهێنێت، کاتێک پارەی تەواو دەبێت، کاتێک کارمەندەکانی ئیزن دەدات. باســـی ئەو کاتە ناکەن کە خاوەن قەرزەکان بەردەوام داوای قەرزەکانیان دەکەنەوە.

من دەمەوێت باســـی ئەو کاتانەش بکەم، تا لەو هەســـتانەش تێبگەن.

# من شکستخواردووم

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بانگهێشت کرام بۆ ئەوەی لە (زانکۆی کۆڵۆمبیا) سیمینارێک لەسەر خاوەنکاری پێشکەش بکەم. لە سیمینارەکەدا لەجیاتی ئەوەی باسی سەرکەوتنەکانم بکەم، باسی شکستەکانمم کرد و باسی فێربوونم کرد لە هەڵەکانمەوە.

ئامادەبووان پرسیارێکی زۆریان کرد و دەیانویست زیاتر بزانن لەبارەی هەوراز و نشێوەکانی خاوەنکارییەوە. باسم لەو ترسانە کرد کە هەموو خاوەنکارێک ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەکاتی دەستپێکردنی بزنسدا.

هەندێک لەو هەڵانەم باسکرد کە کردوومن، ئەگەر ئەو هەڵانەم نەکردبا هەرگیز فێری خاوەنکاریی نەدەبووم.

ڕوونم کردەوە کە چۆن هەموو هەڵەکانم لە کۆتاییدا وایان لێکردم ببمە خاوەنکارێکی باشتر، لە کۆتاییشدا دەوڵەمەند بووم و لە هەمووی گرنگتر، لە ڕووی داراییەوە ئازاد بووم.

پاش چەند هەفتەیەک زانیم کە ئەو ئەندامەی زانکۆ کە بانگهێشتی کردبووم، لەلایەن سەرۆکی بەشەکەیەوە سەرزەنشت کراوە.

هەروەها پێی وتراوە: ئێمە ڕێگە نادەین شکستخواردووەکان لە زانکۆی کۆڵۆمبیا قسە بکەن.

## خاوەنکار کێیە؟

یەکێک لە پێناســـە جوانەکانی خاوەنکار (هاوارد ســـتیڤنســـن، مامۆســـتای زانکۆی هارڤارد) دەیکات. دەڵێت: ســـوودوەرگرتنە لە دەرفەتەکان بەبێ ڕەچاوکردنی مەترسییەکان.

بەڕای من ئەمە یەکێکە لە پێناسە جوانەکانی خاوەنکاری.

## هێزی بیانوو

زۆر کەس دەیانەوێت ببنە خاوەنکار بەڵام هەمیشـــە هەندێک بیـانوویـان هەیە بۆ ئەوەی واز لە کـارمەنـدی نەهێنن، بیـانووی وەک:

- پارەم نییە.
- کاتم نییە.
- منداڵم هەیە.
- سەرقاڵم.
- کەسێک نییە یارمەتیم بدات.
- دروستکردنی بزنس کاتێکی زۆری دەوێت.
- دەترسم، دروستکردنی بزنس مەترسیدارە.

زۆربەی ئەو کەســـانەی دەیـانەوێت ببنە خـاوەنکـار وەک کارمەند دەمێننەوە، چونکە هێزی بیانووگرتنیان بەهێزترە لە هێزی خەونەکانیان.

# خاوەنکارەکان جیاوازن

هاوارد ســـــتیڤنســـــن، خاوەنکار بەراورد دەکات بە کارمەند. بەراوردکردنەکەی بەمجۆرەیە:

| | |
|---|---|
| خاوەنکار: | دەرفەت و هەلەکان |
| کارمەند: | مووچەی جێگیر و ئاسایشی کار |

خـاوەنکـارەکـان بەدوای دەرفەت و هەلەکـانـدا دەگەڕێن بەبێ ئەوەی گرنگی بە مەترســـییەکان بدەن. کارمەندەکان ســـەرنجیان لەســـەر مووچە و ئاســـایشـــی کارە. هەرکارێک دەکەن، بیر لەوە دەکەنەوە تا چەند مووچە و ئاسایشی کاریان پارێزراوە.

کاتێک لە کارمەندێک دەپرسیت: بۆچی دەست بە دروستکردنی بزنس ناکەیت؟ دەڵێت: چۆن دەتوانم بزنس دروســـتبکەم کاتێک پارەم نییە؟

لەڕاستیدا ئەو کارمەندە ئەو بەدوای ئاسایشدا دەگەڕێت!

خاوەنکارێک دەیوت: پێداویســـتییەکانی دروســـتکردنی بزنس بکڕە و دواتر پـارە هەر پەیـدا دەبێـت. ئەم جیـاوازییە لە بیرکردنەوەی کارمەند و خاوەنکاردا جیاوازییەکی زۆر گەورەیە.

باوکە هەژارەکەم لەبارەی دروستکردنی بزنسەوە دەیوت: من ناتوانم بزنس دروست بکەم.

باوکی دەوڵەمەند قەدەغەی کردبوو من و کوڕەکەی بڵێین: من ناتوانم.

لەبری ئەوە فێری کردین کە بەدوای دەرفەتەکان بگەڕێین و بڵێین: چۆن بیکەم؟

## بۆ داواکردنی کتێبەکە

☑ سەردانی ئەم لینکە بکەن:

https://forms.gle/9ignv41VZcUccJo48

# پێڕست:


| | |
|---|---|
| ٥ | پێشەکی |
| ٧ | بەشی یەکەم: چۆن وازم لە کارمەندی هێنا؟ |
| ٣٨ | بەشی دووەم: جیاوازییەکانی کارمەند و خاوەنکار |
| ٥٨ | بەشی سێیەم: شکست لە بزنسدا ئاساییە |
| ٨٣ | بەشی چوارەم: قوتابخانەکانی بزنس |
| ١١٨ | بەشی پێنجەم: گەیشتن بە دەوڵەمەندی |
| ١٥٢ | بەشی شەشەم: سێ جۆرەکەی پارە |
| ١٧٩ | بەشی حەوتەم: چۆن بزنسی بچوک دەکەیتە بزنسی گەوە؟ |
| ١٩٨ | بەشی هەشتەم: شەڕ بۆ نرخی هەرزان مەکە |
| ٢٢٤ | بەشی نۆیەم: بزانە کەی وازبهێنیت |
| ٢٣٤ | پێڕست |
| ٢٣٥ | کتێبەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان |

## کتێبەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان

| ژ | ناوی کتێب | شێواز | نووسەر/وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| ١ | شادمانی لە ناوجەرگەی سەختییەکاندا | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٢ | دوای دڵت بکەوە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٣ | ڕێی سامانداربوون | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٤ | دەستکەوتت زیادبکە | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٥ | کاتت زیادبکە | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٦ | دەرمانی کاردواخستن | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٧ | بازاڕکاریی دەروونی | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٨ | وەک دکتۆرەکان بفرۆشە | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ٩ | کڕیارەکانت زیاد بکە | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٠ | شکاندنی سنوورەکانی فرۆش | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ١١ | بزنس ئەمەیە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ١٢ | فرۆشتن لە پەیجدا | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٣ | ستراتیژی ڕکابەری | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٤ | فرۆشتن لە قەیراندا | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٥ | هونەری معامەلەکردن | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٦ | بیرۆکەی دوکاندانان | نووسین | زانیار غەریب |
| ١٧ | ئابووریی خێزان | نووسین | زانیار غەریب |
| ١٨ | تواناکانت زیادبکە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ١٩ | پێش ئەوەی واز لە کارمەندی بهێنیت | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب<br>زێوەر غەریب |

بۆ داواکردنی کتێبەکان

ئەم بارکۆدە سکان بکەن و (کتێبەکان) هەڵببژێرن، یاخود

نامە بنێرن بۆ (پەیجی کارسازی شادمان)

بۆ وەرگرتنی ڕاوێژی تایبەت بۆ بزنسەکەتان

یان خولی تایبەت بۆ کارمەندەکانتان

پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکەن:

07748213653

07508724916

## خولەکانی ئێمە




(خولی فرۆشی ڕووبەڕوو)




(خولی هونەری معامەلەکردن)




(خولی ڕکابەریی بازاڕ)



(خولی وەرگرتن و بەڕێوەبردنی کارمەند)



(خولی بەخێرایی فرۆشت زیاد بکە)



(خولی بڕیاری کارسازی)

ئەمانە و چەندان خولی دیکەش. بۆ داواکردنی خولەکانمان:
سەردانی وێبسایتی کارسازی شادمان بکەن.

www.karsazyshadman.com

# خانەنشینی گەنج و سامادار

نووسین: ڕۆبێرت کایۆساکی
وەرگێڕان:
گەشتیار غەریب - زێوەر غەریب

لە بەرهەمەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان

کتێبی ژمارە(٢٠)

ناسنامەی کتێب:

- ناوی کتێب: خانەنشینی گەنج و ساماندار
- نووسین: ڕۆبێرت کایۆساکی
- وەرگێڕان: گەشتیار غەریب و زیوەر غەریب
- پێداچوونەوە: ستافی کارسازی شادمان
- دیزاینی بەرگ: میر موکری
- نۆرەی چاپ: یەکەم
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٤
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٥ هەزار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٥٣٦)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.

# بۆ داواکردنی کتێبەکە

☑ سەردانی ئەم لینکە بکەن:

https://forms.gle/9ignv41VZcUccJo48

# پێشەکی

کایۆســـاکیش وەک هەموو گەنجەکانی تر ژیاوە. زانکۆی تەواو کردووە و بووە بە ســـەرباز و لە جەنگی ڤێتنامـدا ســەربازی کردووە! دواتر لە ســەربازی گەڕاوەتەوە و وەک هەمووان بووە بە کارمەندێکی ئاســـایی. دوای (٤ ســـاڵ) لە مەندووبی؛ کۆمپانیای (زیرۆکس)ی جێهێشـــتووە و دەســـتی کردووە بە دروستکردنی کۆمپانیای خۆی.

لە ســـەرەتـای دروســـتکردنی کۆمپـانیـاکەیـدا؛ زۆر ســـەرکەوتوو دەبن و لە چەنـد وڵاتێکـدا بەرهەمەکـانیـان دەفرۆشـــن. وادەزانن ســـاماندارن و پارەکانیان لە شـــتی بێسووددا خەرج دەکەن. دواتر کۆمپانیاکە شکست دەهێنێت و ئەمـــانیش دەبن بە ژێر قەرزێکی گەورەوە. لە تەمەنی (٣٨ ســـاڵی)دا لە هەژارییەکی زۆردا ژیاوە. بە جۆرێک بووە، کە هاورێکەی پێی وتووە: با بیر لە سـەربەخۆیی دارایی بەینەوە، بەڵام کایۆســـاکی وتوویەتی: جارێ دەبێت بیر لەوە بکەینەوە لە برسا نەمرین!

بەڵام لە تەمەنی (٤٧ ســـاڵی)دا دەبێتەوە بە ملیۆنێرێکی گەورە و موڵکەکانی؛ پارەیەکی هەمیشـەیی مانگانەی بۆ دابین دەکەن. پاشـــتر بڕیاردەدات بۆ هەمیشـــە واز لە کارکردن بهێنێت.

دوای ساڵێک پشوودان، دەگەڕێتەوە بۆ کارکردن. بەڵام ئەم جارەیان تەنها بۆ خۆشی خۆی کاردەکات، نەک بۆ پارەپەیداکردن.

لەم کتێبەدا چیرۆکی دەوڵەمەندبوونەوەی کایۆساکی دوای شکستهێنانی باسکراوە.

ئێمە لە تیمی کارسازی شادمان ماوەیەکی زۆر کاتمان بەخشیوە بەم کتێبە و چار دوای چار کارمان تێدا کردووە. بە جۆرێک سادەمان کردووەتەوە، کە خوێنەر بە ئاسانی لە هەموو پەیامەکانی کتێبەکە تێبگات. دوای چەند مانگێک کارکردن لەم کتێبەدا؛ ئێستا ئامادەیە کە بیدەین بە کتێبخانەی کوردی.

پێشتر کتێبی (پێش ئەوەی واز لە کارمەندی بهێنیت)ی کایۆساکیمان کردە کوردی و ئێستایش ئەم کتێبەمان خستووەتە خزمەتتان. بەم نزیکانە کتێبەکانی دەیکەشی دەخەینە سەر زمانە شیرینەکەی خۆمان و دەیدەین بە خوێنەرانی کوردزمان.

گەشتیار غەریب
سلێمانی ٢٠٢٤/٧/٢

# بەشی یەکەم
# بەکارهێنانی مێشکت

یەکەمین بەشـــی کتێبەکە باســـێکە لە ســـەختترین بەشـــی ژیانم. ئەوکاتەی لە شـاخی ویسـلەر لەگەڵ (لاری و کیم)ی هاوسـەرم بڕیاری دەوڵەمەندبوونمان دا.

بابەتەکانی ئەم بەشە:

| | |
|---|---|
| سەرەتای چیرۆکەکەمان | |
| چۆن گەیشتین بە ئازادی دارایی؟ | |
| چەند ڕێگای دەوڵەمەندبوون هەیە؟ | |

## سەرەتای چیرۆکەکەمان

لە (مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٨٥)، لەگەڵ (کیم)ی هاوسەرم و باشترین هاوڕێم (لاری کلارک) لە (شاری ڤانکۆڤەری کەنەدا) لەسەر (شاخی ویسلەر) خەریکی یاری خلیسکانی سەر بەفر بووین. شاخەکە بەفرێکی زۆری لەسەر بوو، کەشەکەی زۆر سارد بوو.

شەوانە ئێمە لە کابینەیەکی بچووکدا دەماینەوە کە لە نێوان دارسنەوبەرە بەرزەکانی ئەو شاخەدا بوو، لەناو کابینەکەوە دەرەوە بەزەحمەت دیار بوو، چونکە بەفر زۆربەی کابینەکەی داپۆشیبوو.

هەموو شەوێک لە دەوری کوورەی ئاگرەکە دادەنیشتین و باسی پلانەکانی خۆمان بۆ داهاتوو دەکرد. هیوایەکی زۆر بەرزمان بە داهاتوومان هەبوو، بەڵام گیرفانمان خاڵی بوو!

من و کیم تەنها چەند دۆلارێکمان پێ مابوو. لارییش لە پرۆسەی دروستکردنی بزنسێکی دیکەدا بوو.

گفتوگۆکانمان هەموو شەوێک تا درەنگانی شەو بەردەوام دەبوون. باسی ئەو کتێبانەمان کرد کە بەم دواییە خوێندبوومانەوە و هەروەها ئەو فیلمانەی کە بینیبوومان.

گوێمان لە شریتە پەروەردەییەکان دەگرت کە لەگەڵ خۆمان هێنابوومان و دواتر دادەنیشتین باسی وانەکانی ناو کاسێتەکانمان دەکرد.

ئێمە ســاڵانە لە ڕۆژانی ســەری ســاڵدا ئەو کارەمان ئەنجام دەدا. بەڵام ئەوجارەیان دەمان ویســـت ئامانج بۆ داهاتوومان دابنێین.

## ئامانجی ساڵی داهاتوو

لاری دەیویســـت ئامانجێک دابنێت کە ژیانی بگۆڕێت. وتی: بۆچی پلانی ئازادی دارایی دانەنێین؟

لە مەبەستەکەی تێنەگەیشتم. وتم: چۆن؟

دەســـتی کرد بە ڕوونکردنەوە. بەوردیی گوێم بۆ قســـەکانی گرت، بەڵام من مات و بێدەنگ تەنها سەیرم دەکرد!

پێشـتر لەگەڵ خۆمدا باسـی دەوڵەمەندیم کردبوو، خەونم پێوە بینیبوو و دەمزانی ڕۆژێـک دێـت دەوڵەمەنـد دەبم، تەنـانەت جارێکیش پارەم دەستکەوتبوو، بەڵام هەژار کەوتبوومەوە.

بیرۆکەی ئـازادی دارایی. بیرۆکەیەک بوو بۆ داهـاتوو نەک ئەمڕۆ، لەبەر ئەوە قســـەکـانی ئەو لەگەڵ بیرکردنەوەی منـدا نەدەگونجا. لەکۆتایی قسـەکانیدا بە دەنگێکی نزمەوە وتم: واتا ئێمە ئەوەندە دەوڵەمەند ببین، کە ئیتر کار نەکەین؟

گوێم لە دەنگی خۆم بوو، دەنگێکی کز و نزم، لە دەنگی کەسێکی شکستخواردوو و بێ ئیرادە دەچوو!

لاری وتی: ئیتر کاتی ئەوە هاتووە واز لە قســـەکردن بهێنین، واز لە خەون بینین بهێنین و هەوڵی گەیشـــتن بە ئازادی داریی بدەین.

# بیرکردنەوەی هەژارانە

تیشکی ئاگرەکە؛ ڕووخسارە شێواوەکەی ئێمەی لە پەنجەرەی کابینەکەدا ڕووناک کردبووەوە. پاش کەمێک بیرکردنەوە وتم: پێموایە بۆ ئێستا باشترە تەنها بیر لەوە بکەینەوە لە برسا نەمرین.

لەوکاتەدا وازم لە بزنسەکەی پێشترم واتا: (جزدانی ڤیلکرۆ) هێنابوو. دوای ئەوەی لە (ساڵی ١٩٧٩) شکستیهێنا، (٥ ساڵی) دواترم بە دووبارە بونیادنانەوەی ئەو بزنسە بەسەربرد و دواتریش هەر وازم لێهێنا.

وازم لەو بزنسە هێنا، چونکە لەوکاتەدا جزدان گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتبوو. ئێمە چیتر لە ئەمریکا کارمان نەدەکرد. بۆ ئەوەی کێبڕکێ لەگەڵ ڕکابەرەکاندا بکەین، کارگەکانمان گواستبووەوە بۆ (چین و تایوان و کۆریا).

ئەو کارەم بەجێهێشت، چونکە چیتر بەرگەی بەکارهێنانی منداڵانم بۆ کارکردن نەدەگرت. هەروەها لەگەڵ هاوبەشەکانمدا ڕێک نەدەکەوتین. ڕقمان لەیەکتر بوو و زۆر بە کەمی یەکترمان دەبینی.

لەکۆتاییشدا بە قازانجێکی زۆر کەمەوە وازم لەو بزنسە هێنا. هۆکارەکەشی تەنها ئەوەبوو نەمدەتوانی بەردەوام بم لە بزنسێکدا کە ویژدانی منی پێشێل دەکرد.

لاری وتی: کاکە خۆت تێک مەدە، بڕیار نیە ئەم شـــەو بگەیت بە ئازادی دارایی، تەنانەت ئەم ساڵیش پێی ناگەیت!

لەبری ئەوەی ئامانجی ساڵێک دابنێین و بترسین، با ئامانجێکی چەند ساڵە دابنێین و کاری بۆ بکەین.

وتم: بەڵام پارەیەکی زۆرمان نییە! لەو کاتەدا سـەیری (کیم)ی هاوســـەرمم کرد، ڕووخســـاری نیگەران و خەمبار بوو! بیری ڕووخســـاری دایکمم دەهاتەوە کە بەدەســـت کارەکانی باوکمەوە بەردەوام خەمبار بوو، باوکیشـم هەمیشـە دڵی دەدایەوە و دەیوت: داهاتوو باش دەبێت. بەڵام هەرگیز ئەو داهاتووە باشـە نەهاتە دی! بەڕاستی نەمدەزانی چی بڵێم!

وتم: بە دڵنیایی دەسـتپێدەکەینەوە، بەڵام لەئێسـتادا بێ پارەین و دۆخی ژیانمان باش نییە. دەبێت ئێسـتا تەرکیزمان لەسـەر ئەوە بێت کە بمێنینەوە و بەرگەی دۆخەکەمان بگرین!

چۆن بیر لە ئـازادی دارایی بکەینەوە لە کـاتێکـدا هەموو سەروەتەکەمان بریتییە لە چەند دۆلارێک؟

تووشـــی شـــۆک بووم کـاتێـک گوێم لە دەنگی خۆم بوو، بەڕاســـتی زۆر شـــڵەژابووم. لاری نەدەوەســـتا لە قســـەکردن، ئەمجارەش وتی: کەوایە بیر لە ئازادی دارایی بکەرەوە!

وەک وەڵامێک بۆ قســـەکەی وتم: بەڵام چۆن دەتوانین زوو ساماندار بین لە کاتێکدا هیچ پارەیەکمان نییە؟

لە ناخمدا هەســتم بە لاوازیی دەکرد و نەمدەویســت پابەند بم بە هیچ شــتێکەوە. تەنها دەمویســت بۆ کورتخایەن بژیم و بیر لە داهاتوو نەکەمەوە.

لاری بە تووڕەییەوە وتی: من نەمگوتووە دوای ســـاڵێک سامانداردەبین، تەنها دەڵێم: با لەئێستاوە پلان بۆ سامانداربوون دابنێین.

# کەی کاتی ئازادی دارایی دێت؟

لە دڵی خۆمدا وتم: من نامەوێت ژیانم بە کارکردن بەسەرببەم بۆ ئەوەی قەرزەکانم بدەمەوە. من دەمەوێت بژیم و دەوڵەمەند بم. دەمەوێت لە گەنجیمدا گەشـــتێک بە جیهاندا بکەم و چێژ لە ژیان وەربگرم.

خۆم پێم ســـەیربوو ئەوەندە لاواز بووبووم کە هاوڕێکەم لێم تورە دەبوو لەسەر ئەوەی دەموت ناتوانین دەوڵەمەند ببین!

هەروەها گوێم لە دەنگێک بوو لە ناخمدا کە پێی دەوتم: بۆچی ناتوانم دەوڵەمەند ببم؟ مەگەر من هەموو تەمەنم نەمویســـتووە دەوڵەمەند بم؟

لەناکاو قســـەیەکی باوکە دەوڵەمەندەکەمم بیرکەوتەوە کە دەیوت: زۆر قورســە ڕووبەڕووی گومانی خۆت ببیتەوە و واز لە تەمبەڵی بهێنیت.

بە بێـدەنگی لە دڵـی خۆمـدا وتـم: قسـەکانی لاری هەمـووی دروســـتن، بـــا بێـــدەنگی هەڵبژێـــرم و بەرەنگـــاری نەبـــمەوە. هەڵەیە کە شەڕ لەگەڵ بیرۆکەیەکی باشدا بکەم.

هەروەهـــا بیـــرمکەوتەوە بـــاوکی دەوڵەمەنـــدم دەیـــوت: هـــیچکەس بەربەســـت نیـــیە لە بەردەمتـــدا جـــگە لە خـــۆت و گومانەکانـــت. ئاســـانە بگۆڕێیـــت، ئەگەر بتوانیـــت تەحەدای گومانی خۆت و تەمبەڵی خۆت بکەیت.

## زۆر دەترسام

تەنها مانگێک دوای ئەو قسـانەی باوکی دەوڵەمەند، خۆمم بینییەوە لەسـەر ئەم شـاخە بەرزە بەفراوییە لەناو کابینەیەک بەرامبەر کوورەیەکی ئاگر دانیشتووم.

دەمزانی کاتی ئەوە هاتووە: یان دەوڵەمەند ببم، یان وازبهێنم و بگەڕێمەوە ماڵەوە. تێگەیشتم کە هەڵبژاردنی هەژاری؛ خراپترین شتە کە دەتوانم بیکەم.

وتم: باشـە با بیکەین، با ئامانجێک دابنێین تا لە ڕووی داراییەوە ئازاد بین.

ئەو ڕووداوە شـەوی سـەری (سـاڵی ١٩٨٥) بوو. تەنها دوای (٩) سـاڵ من و کیم لەڕووی داراییەوە ئازاد بووین. لاریش (٤ ساڵ دواتر) و لە (ساڵی ١٩٩٨) کۆمپانیاکەی فرۆشت و خانەنشین بوو.

لەم کتێبەدا چیرۆکی خۆم باسـدەکەم کە چۆن لەگەڵ هاوسەرەکەم و (لاری)ی هاوڕێمدا، لە سفرەوە دەستمان پێکرد و لە کەمتر لە (١٠) سـاڵدا گەیشـتین بە ئازادی دارایی. یان باشـترە بڵێم: خانەنشین بووین!

ئەم چیرۆکە دەگێڕمەوە بۆ ئەوانەی کە گومانیان هەیە لەوەی دەوڵەمەنـد بن؛ یـان متمـانەیـان بە خۆیـان نییە و پێیـان وایە دەوڵەمەندیی بۆ ئەوان نییە.

ئەوکاتەی (من و کیم) دەستمان پێکرد، تازە لە شکستێکی گەورە ڕزگارمان ببوو. متمانەمان بەخۆمان کەم بوو، گومانمان هەبوو لەوەی بکرێت سامانداربین. بەڵام بە گومانەکانی خۆمانەوە دەستمان پێکرد و گەیشتین بەم ئەنجامە.

ئێمە لەم کتێبەدا پێت دەڵێین: بۆچی دەبێت بگەیت بە ئازادی دارایی، چۆنیش پێی دەگەیت.

## بۆچی ساماندار بووین؟

هەرکاتێک چیرۆکی دەوڵەمەندبوونم دەگێڕمەوە، لێم دەپرسن: چۆن دەوڵەمەند بوویت؟ منیش لە وەڵامدا دەڵێم: گرنگ نییە چۆن دەوڵەمەند بووم، بەڵکو گرنگ ئەوەیە (بۆچی) دەوڵەمەند بووم. ئەگەر (بۆچی) نەبوایە، (چۆن) مەحاڵ دەبوو!

من و کیم و لاری سەرنجمان خستە سەر سێ ڕێگای باوکی دەوڵەمەند بۆ دەوڵەمەندبوون، کە بریتین لە:

**زیادکردنی توانای بازرگانی**

**زیادکردنی توانای بەڕێوەبردنی پارە**

**زیادکردنی وەبەرهێنان**

چەندین کتێب لەبارەی هەریەک لەم ڕێگایانەوە نووسراون. ئەگەر منیش ئەم کتێبە لەسەر هەمان شت بنووسم، ئەم کتێبە تەنها دەبێتە کتێبێکی تری دووبارە. بەڵام لە (چۆن) گرنگتر؛ (بۆچی)یە!

باوکی دەوڵەمەند دەیوت: زۆربەی خەڵک ئەو کارانە ناکەن کە دەتوانن بیکەن، چونکە (بۆچی)یەکی بەهێزیان نییە.

هەروەها وتی: خەڵکی لەبری ئەوەی لە خۆیان بپرسن: بۆچی دەیانەوێت دەوڵەمەند بن؟ دەڵێن: چۆن بە ئاسانی دەوڵەمەند ببم؟

## گفتوگۆکردن لەگەڵ خۆمدا

ئەو شــەوە لە کابینە ســاردەکەی شــاخەکەدا دانیشــتبووم و گوێم لە لاری دەگرت و بەبێدەنگی لەدڵی خۆمدا موناقەشـــەم دەکرد. هەر جارێک دەیوت: با ئامانجێک دابنێین و بینووســـین و پلانێــک دابڕێژین، گوێم لە خۆم دەبوو کە وەڵامم دەدایەوە. وەڵامگەلێکی وەک:

- باسی چی دەکەیت؟
- ئێمە هیچ پارەیەکمان نییە.
- ناتوانین! تۆ لە دۆخی ئێمە تێناگەیت.

بەدرێژایی ئەو چەند ســـاڵە باوکی دەوڵەمەند چەندین وانەی فێرکردم.

یەکێک لە وانەکان ئەوەبوو کە: لەجێی دژایەتیکردنی بیرۆکەی باش، بیرۆکەکە تاقی بکەرەوە. بە خۆمم دەوت: (بۆچی بە گەنجی و دەوڵەمەندی خانەنشین نەبم؟ ئایا ئەوە خراپە؟

بەخۆمم دەوت: دەوڵەمەندی ئەو شـــتەیە کە ســـاڵانێکە بیری لێدەکەمەوە. من بەڕاســـتی دەمەوێت تا تەمەنی (٣٥ ســـاڵی) خانەنشــین بم، بەڵام ئێســتا تەمەنم نزیکەی (٣٧ ســاڵە) و تەنانەت نزیکیش نیم لە دەوڵەمەندبوون بوون. تەنها چەند دۆلارێکم پێ ماوە و نزیکم لە لەناوچوون.

## نەمدەویست شکست بهێنم

موناقەشـەم دەکرد، چونکە نەمدەویسـت جارێکی تر شـکسـت بهێنم و هەسـت بە نائومێدی بکەمەوە. من موناقەشـەم دەکرد، چونکە لە ڕابردوودا زۆر هەوڵم دابوو و شـکسـتم هێنابوو. ئەو شـەوە تێگەیشـتم کە من خەریکم موناقەشـە دەکەم دژی شکستهێنان نەک دژی خەونەکە.

بە دەنگێکی نزم بە لاریم وت: باشـە با ئامانجێکی گەورە دابنێین.

لاری وتی: باشە، بەڵام ئیتر واز لەو قەلەقی و دوودڵییە بهێنە، بەڕاستی خەمی تۆمە.

هۆی ئەوەی بڕیـارم دابوو بیرۆکەکەی لاری قبوڵ بکەم، ئەوەبوو کە دەمزانی (بۆچی) دەوڵەمەنـدیم دەوێـت، هەرچەنـدە هێشتا نەمدەزانی (چۆن) دەوڵەمەند ببم.

## بۆچی زوو بگەمە ئازادی دارایی؟

زۆر هۆکار هەبوون کە وایانکرد بڕیار بدەم بگەمە ئازادی دارایی. ئەمانەی خوارەوە هەندێک لە هۆکارەکان:

### بێزار بووبووم

بێزار بووم لە هەوڵی بەردەوامم بۆ بەدەستهێنانی پارە. بۆ ماوەیەکی کەم پارەم دەستدەکەوت بە بزنسی جزدانی قیلکرۆ، بەڵام دوای ئەوەی وازم لەو بزنسە هێنا، جارێکی دیکە بوومەوە کەسێکی هەژار.

### نەمدەویست وەک باوکم بم

کاتێک تەمەنم (٨ ساڵ) بوو، ڕۆژێکیان هاتمەوە بۆماڵەوە و بینیم دایکم لەسەر مێزی چێشتخانەکە دەگری. ئەو دەگریا چونکە ئێمە باری داراییمان زۆر خراپ بوو.

باوکم مامۆستا بوو، زۆرترین هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی پارەی زیاتر بەدەستبهێنێت. بەڵام بەهۆی ئەوەی مامۆستا بوو، داهاتەکەی سنووردار بوو، لەبەر ئەوە لە ڕووی داراییەوە ئەوەندە باش نەبووین.

باوکە هەژارەکەم دەیوت: نیگەران مەبە، لە داهاتوودا باری داراییمان باش دەبێت. بەڵام هەرگیز ئەو داهاتووە نەدەهات!

شـــێوازی دەوڵەمەنـدبوون ئەوەبوو بـاوکم بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە و زیاتر کاربکات و چاوەڕوانی زیادکردنی مووچەی ساڵانەی بکات.

لەم نێوەندەدا، قەرزەکانمان بەردەوام زیاد دەبوون و دایکیشم زیاتر هەستی بە تەنهایی دەکرد و کەس نەبوو دڵی بداتەوە. باوکم حەزی نەدەکرد باسی پارە بکات و ئەگەر باسیشی بکردایە، تەنها توڕە دەبوو.

## لەبەر (کیم)ی هاوسەرم

ئەو هۆکارەی لە هەمووی بەئازارتر بوو، ئەو واقیعە بوو کە ئێســـتا ئافرتێکی جوان لە ژیانمدایە. کیم؛ هاوڕێی هەموو ژیانم. ئەویش وەک من دڵتەنگ بوو، چونکە منی خۆشدەویست.

ئەو شـەوە لەسـەر شـاخەکە، تێگەیشـتم کە من خەریکە ئەو کارە لەگەڵ کیم دەکەم کە باوکم لەگەڵ دایکمدا کردبووی. خەریک بووم داهاتووی کیمم لەناودەبرد.

لەو سـاتەدا بەدروسـتیی دەمزانی بۆچی دەوڵەمەندیم دەوێت، لەبەر هاوسەرەکەم. ئەو شەوە هۆکارەکانم نووسی و لە شوێنێکی نهێنیدا شاردمەوە.

بۆ ئەوانەتـان کە کتێبی دووەمی منتـان خوێنـدوەتەوە (چوارخـانەی پـارەپەیـداکردن)، دەزانن کـاتێک شــــاخەکەمـان بەجێهێشت. باری دارایمان خراپتر بوو لەوەش.

## (بۆچی)یەکان وایانکرد بەردەوام بین

دوای گەڕانەوەمان، ئەو پارەیەی کە مابوومان، تەواو بوو. نزیکەی سێ هەفتە لەناو ئۆتۆمبێلدا دەژیاین. بەڕاستی نەم دەویست لەو دۆخەدا بمێنمەوە. تەواو توڕەبووم لەو شێوازە ژیانە و دەمویست بە هەر نرخێک بووە، ڕزگارم ببێت لە هەژاری و ئیتر دۆخەکەم بگۆڕم.

ئێستا هەرکەس دەپرسێت: چۆن دەوڵەمەند ببم؟ سەرەتا لێی دەپرسم بۆچی دەتەوێت دەوڵەمەند بیت؟ بەبێ هەبوونی هۆکارێکی بەهێز، ناتوانیت سەختییەکانی ڕێگاکە تەحەمول بکەیت و تا کۆتایی بەردەوام بیت.

## چەند ڕێگای دەوڵەمەندبوون هەیە؟

زۆر ڕێگە هەیە بۆ دەوڵەمەندبوون. سـەرەتا (بۆچی؟)ی خۆت بدۆزەوە، پاشـــان (چۆن؟)ی خۆت دەدۆزیتەوە. وەک لەکۆنەوە دەڵێن: لە کوێ ئیرادە هەبێت، ڕێگا هەیە.

بۆ من، دۆزینەوەی ئیرادە وایکرد ڕێگـای دەوڵەمەنـدبوون بدۆزمەوە. بەڵام بەبێ ئیرادە؛ ڕێگاکە زۆر سەخت دەبوو.

## خۆشەویستی و ڕق

ســـالانێـک لەمەوبەر فێربووم کە: ئـامـانج تێکەڵەیەکە لە خۆشەویستی و ڕق. تا شتێکت نەوێت، ئەستەمە کاری بۆ بکەیت. باوکی دەوڵەمەندم دەیوت: ئەگەر دەتەوێت شتێک بکەیت، هەستی تێکەڵ بکە.

خۆشــەویســتی؛ وزە بە ژیانت دەبەخشــێت. ئەگەر دەتەوێت شــتێک بەدەســتبهێنیت، بزانە (بۆچی حەز دەکەیت ئەو شــتەت هەبێت؟ بۆچی ڕقت لەوەیە ئەو شتەت نەبێت؟).

کـاتێـک ئەو دوو بیرکردنەوەیە تێکەڵ دەکەیـت، وزەیەک دەدۆزیتەوە بۆ ئەوەی هەرشــتێک بتەوێت بەدەســتیبهێنیت. ڕەنگە باشتر بێت لیستێک دروست بکەیت کە خۆشەویستی و ڕقەکانت بەراورد بکات.

بۆ نموونە لیســـتەی خوارەوە خۆشـــویســـتن و ڕقەکانی من بوون:

| ڕق | خۆشویستن |
| --- | --- |
| هەژار بوون | دەوڵەمەند بوون |
| کارکردنی بەردەوام | ئازادبوونی دارایی |
| نەبوونی ئەوەی دەمەوێت | کڕینی ئەوەی دەمەوێت |
| کڕینی شتی هەرزان | کڕینی شتی گران |

## ☺ پێشنیارێک:

لیستی خۆشویستن و ڕقەکانی خۆتت لە خوارەوە بنووسە. ئەگەر پێویستت بە شوێنی زیاتر بوو، ئەوا کاغەزێک بەکاربهێنە.

| ڕق | خۆشویستن |
| --- | --- |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |

## کۆتا شت لە بەشی یەکەمی کتێبەکە:

گوێم لە زۆر کەس بووە دەڵێن: پارە دڵخۆشـــت ناکات. ئەو قسەیە هەندێک ڕاستی تێدایە. بەڵام..

ئەوەی پارە دەیکات ئەوەیە:

کـــاتم بـــۆ دەکڕێـــت! و وا دەکـــات تەنهـــا ئەو شـــتانە بـــکەم کە حەزم لێیەتـــی و ئەو کارانەشـــی ڕقـــم لێیەتـــی ئەوانی تر بۆم بکەن.

# بەشی دووەم
# بە گەنجی خانەنشین ببە

ئەم بەشـە باسـێکە لە گەیشـتنم بە دەوڵەمەندی و گەشـتی دوورگە خۆشەکان. هەروەها سوودی زوو دەوڵەمەندبوون.

بابەتەکانی ئەم بەشە:


**لەکۆتاییدا پێی گەیشتم**

**سەختترین کار کە دەبوو بیکەم**

**گەشتی دوورگە خۆشەکان**

**سوودی زوو گەیشتن بە ئازادی دارایی**

## لەکۆتاییدا پێی گەیشتم

دوای نزیکەی (١٠) ساڵ لە ماندووبوون و هەوڵدان، لە تەمەنی (٤٧ ســــاڵی)دا لە ڕووی داراییەوە ئازاد بووم. بەدیاریکراوی لە (ساڵی ١٩٩٤) بوو. کە زانیم پێویستم بەوە نییە هەرگیز کاربکەم و تا کۆتایی تەمەنم ساماندارم.

## قسەکانی نیهل

پاش چەند ڕۆژێک لە ئازادی دارایی، هاوڕێیەکم تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی: دڵنیابە ناتوانیت کارنەکەیت، تەنها ســــاڵێک دەتوانیت خانەنشین بیت!

وتم: تەنها ساڵێک؟ من خانەنشین بووم و باقی ژیانم پشوو دەدەم.

هاوڕێکەم ناوی (نیهل) بوو، ســــەرۆکی ئەو تیمە بوو کە چەندین بزنسی گەورەیان دەستپێکرد لە سەرەتای هەشتاکانی ســــەدەی ڕابردوودا. دوای ئەوەی بەشــێک لەو بزنســــانەی دروستکرد و فرۆشتی، لە تەمەنی (٤١ ساڵی)دا خانەنشین بوو.

ببووینە هاوڕێ و بەردەوام چیرۆکی سەرکەوتن و گەیشتنی بە دەوڵەمەندی بۆ من باســــدەکرد. نیهل لە تەلەفۆنەکەدا وتی: لە ماوەی کەمتر لە (سێ مانگ)دا بێزار دەبیت و دەست دەکەیتەوە بە کارکردن.

## ☺ باسی چی دەکەیت؟

من بە قســـەکانی پێکەنیم و وتم: باســـی چی دەکەیت؟ من خانەنشـــین بووم و بۆ هەمیشـــە پشـــوو دەدەم. ئەم جارە کە دەمبینیت نامناسـیتەوە. نە جلوبەرگی کارم لەبەر دەبێت و نە قژم کورت دەبێت. ئەوکاتە لە کۆترێکی کەنار دەریا دەچم.

بەڵام ئەو دەیویسـت تێبگەم کە هەوڵ دەدات چیم پێ بڵێت. بۆ ئەو گرنگ بوو کە من لە پەیامەکەی تێبگەم.

## خەڵاتی خودایی

نیهل وتی: کەم کەس ئەو دەرفەتەیان هەیە کە تۆ ئێسـتا هەتە. زۆر کەس لە ڕووی داراییەوە توانای ئەوەیان نییە واز لە کارکردن بهێنن و لەمـاڵەوە دابنیشـــن. زۆر کەس نـاتوانن وەک تۆ لە ناوەڕاستی تەمەنیاندا خانەنشین ببن.

زۆربەی خەڵک توانـای ئەوەیـان نییە واز لە کـارکردن بهێنن. تەنـانەت ئەگەر ڕقیشـــیان لە کارەکەیان بێت، ناتوانن وازی لێ بهێنن. بۆیە ئەم دیارییە بە کەم مەزانە.

نیهل لە درێژەی قسەکانیدا باسی وتی: زۆربەی خاوەنکارەکان بزنســەکەیان دەفرۆشــن و یەکســەر دەســت بە بزنسـێکی دیکە دەکەن.

وتی: پێشـــتر بزنســـێکم دروســـت دەکرد و دەمفرۆشـــت و دەســـتبەجێ دەســـتم بە دروســـتکردنی بزنســـێکی دیکە دەکرد. تا تەمەنی (٣٥ ساڵی)، سێ بزنسم دروست کردبوو و فرۆشتبووم.

پـارەیەکی زۆرم هەبوو، بەڵام نەمـدەتوانی واز لە کـارکردن بهێنم. نەمدەزانی وەســـتان مانای چییە. ئەگەر کارم نەکردبایە، خۆم بە بێسوود دەبینی!

لە کۆتاییدا دوای ئەوەی کۆتاهەمین بزنسـم فرۆشـت و چەکی چەند ملیۆن دۆلاریم خستە بانک؛ بڕیارمدا ساڵێک پشوو وەربگرم. وەرگرتنی ئەو ســاڵە بۆ من و خێزانەکەم یەکێک بوو لە باشـترین بڕیارەکان کە دابێتم.

ئەو کاتەی لە پشـــوودا بووم، تەنها بووم و نەمدەزانی چی بکەم، بەڕاستی کاتگەلێکی بێ سوود بوو.

نیـهـل وتی: ڕۆبێرت ئـایـا دەزانیـت لەوکـاتەوەی ئێمە قوتـابخـانەمـان جێهێشـــتووە، بە بەردەوامی کـارمـان کردووە. کەســـانی وەک ئێمە تاقەتیان نییە دابنیشـــن و بیربکەنەوە و کات لەگەڵ خۆیاندا بەسەرببەن.

ئەو بەردەوام بوو لە قســـەکـانی و وتی: لەگەڵ خێزانەکەم ڕوومـان لە (دوورگەی فیجی) کرد. بۆ چەنـد مـانگێک ڕۆژانە لە کەنار دەریا دادەنیشـتم. سـەیری زەریای شـینم دەکرد و سـەیری منـداڵەکـانمم دەکرد، دەمبینی چێژ لە ژیـانێـک وەردەگرن کە هەمووان خەونی پێوە دەبینین.

## سەختترین کار کە دەبوو بیکەم

نیهل ڕاســتی دەکرد، قورســترین شــت لە خانەنشــینبووندا ئەوەبوو کە هیچ کارێکم نەبێت.

پێش خانەنشـــینبوونم ڕقم لە فشـــاری کارکردن بوو. بیرم دەکردەوە: دوای شەش مانگی تر ئازاد دەبم و دەتوانم خانەنشین بم، لەماڵەوە دادەنیشـــم و هیچ ناکەم. بە دڵخۆشـــییەوە چاوەڕێ بووم تا بزنسەکەم بفرۆشم و بگەم بەو خەونەم.

## خانەنشین بووم

لە (مـانگی ٩ی ســـاڵی ١٩٩٤) کۆتـاهەمین بزنســـی خۆمم فرۆشت. بڕێک پارەم خستە بانک و بە فەرمی خانەنشین بووم.

من تەمەنم (٤٧) سـاڵ بوو و کیمی هاوسـەرم (٣٧) سـاڵ بوو. ئێمە لە ڕووی داراییەوە ئازاد بووین، تا لەو تەمەنەی مابوومان بۆ ژیان، چێژ وەربگرین.

تا چەند هەفتەیەکیش دوای خانەنشینبوون، من هەر لە کەشی کـارکردنـدا بووم. بەیـانیـان زوو لەخەوهەڵـدەســـتـام، دواتر تێدەگەیشتم کە هیچ پلانێکم بۆ ئەو ڕۆژە نییە.

کەســـم نەبوو پەیوەندی پێوە بکەم، کەســـیش تەلەفۆنی بۆ نەکردم. بەتەنیابووم لە ماڵەکەم و هیچ شوێنێکم نەبوو بۆی بچم. هەمیشـــە بێتاقەت و بێ وزە بووم، هەســـتم دەکرد ژیانم بەفیڕۆ دەچێت. دەمویست شتێک بکەم، بەڵام هیچ شتێکم نەبوو بیکەم.

نیهل ڕاستی دەکرد، کارنەکردن سەختە!

کیم بزنسی خۆیی هەبوو، کاری لە وەبەرهێنان و بەڕێوەبردنی خانووبەرەدا دەکرد و چێژی لە کارەکەی وەردەگرت. کاتێک دەگەڕایەوە ماڵەوە؛ دەچووم بۆ چێشتخانە بۆ لای، بەدەوریدا دەسوڕامەوە و هەوڵمدەدا هاوکاریی بکەم.

جارێکیان کیم وتی: حەز دەکەیت شتێک بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی بیکەیت؟

وەڵامم دایەوە: نەخێر.

کیم وتی: بۆچی تەلەفۆن بۆ هاوڕێکانت ناکەیت تا کۆببنەوە و شتێک ئەنجامبدەن؟

وتم: تەلەفۆنم کرد، بەڵام هەموویان سەرقاڵی کارن و هیچ کاتێکیان نییە.

# گەشتی دوورگە خۆشەکان

دوای چەند مانگێک، من و کیم بڕیارماندا پشـــوو بدەین لە دوورگەی فیجی کە نیهل بۆی چووبوو. بەخۆمم دەوت: تەنهـا بچمە شـــوێنێک، گرنگ نییە ئەگەر ناخۆشـــترین شـــوێنی ئەم جیهانەش بێت، تەنها لە ماڵ بچمە دەرەوە.

بە فڕۆکە گەشـــتی فیجیمان کرد و خەڵکی فیجی بە گوڵ و خواردنەوە پێشوازییان لێکردین.

کاتێک من و کیم لە تەنیشتی کەنار دەریاکەوە دەڕۆیشتین کە بەســـەر ئاوی زەریاکەدا دەیڕوانی، پێم وابوو لەناو فڕۆکەیەکدا بەسـەر ئاسمانی (دوورگەی فانتازیا) دەفڕم، چاوەڕێی ئەوە بووم گوێم لە کارمەندێکی ناو فڕۆکەکە بێت و بڵێت: ئێســـتا دەتوانن لە فڕۆکەکە دابەزن.

دوورگەکە لەوە جوانتر بوو کە نیهل باسـی دەکرد. باوەڕم بە جوانییەکەی نەدەکرد، پێم وابوو ئێرە بەهەشـــتە. بەیانیان درەنگتر هەڵدەســـتام، نانی بەیانییەکی تەندروســـتم دەخوارد، بۆ ماوەیەک ڕامدەکرد و دواتر ڕۆژەکەم لە کەنار دەریا بەسەردەبرد.

کەنـاراوەکـانی ئەم دوورگەیە زۆر جوان بوون. بەڵام دوای چەند ڕۆژێک هەســـتم بە بێزاری کرد. حەزمدەکرد بگەڕێمەوە بۆ ئەمریکا.

(دوو هەفتە) هەموو ئەو ماوەیە بوو کە دەمتوانی لەو بەهەشتە بەسەری ببەم. بەهەشتمان بەجێهێشت و بەرەو ماڵەوە گەڕاینەوە.

دانیشــتن لەماڵەوە زۆر باشــتر نەبوو لە دانیشــتن لە کەنار دەریا، بەڵام لانیکەم (ئۆتۆمبێل، ماڵ، تەلەفزیۆن و کتێب)م هەبوو بۆ ئەوەی سەرقاڵم بکات.

ڕۆژانە لە باخچەی ماڵەکەمدا پیاســـەم دەکرد و گوڵەکانم ئاو دەدا. ڕۆژێـک یەکێـک لە دراوســـێکـانم هـات بۆ ئەوەی خۆی بناسێنێت. ئەویش خانەنشین بوو، بەڵام نزیکەی (٢٠ ساڵ) لە من گەورەتر بوو. تەمەنی (٦٨ ســـاڵ) بوو و پێشـــتر بەڕێوەبەرێکی باڵای (کۆمپانیای فۆڕچن) بوو.

هەموو ڕۆژێک دەهاتە لام و باســـی هەواڵ و کەشـــوهەوا و وەرزشـــی دەکرد. پیـاوێکی ڕووخۆش بوو، بـاخێکی هەبوو کە ڕۆژانە خزمەتی دەکرد و جاراجاریش یاری گۆڵفی دەکرد.

خەریک بوو دەبووینە هاوڕێ، بەڵام کە جارێک داوای لێکردم لەگەڵی سەردانی یانەیەکی شەوانە بکەم، تێگەشتم کە پێویستە بە شتێکی دیکەوە سەرقاڵ بم.

# بۆ داواکردنی کتێبەکە

☑ سەردانی ئەم لینکە بکەن:

https://forms.gle/9ignv41VZcUccJo48

# پێڕست:


| | |
|---|---|
| ٥ | پێشەکی |
| ٨ | بەشی یەکەم: بەکارهێنانی مێشکت |
| ٢٧ | بەشی دووەم: بە گەنجی خانەنشین ببە |
| ٤١ | بەشی سێیەم: چۆن زوو گەیشتم بە ئازادی دارایی؟ |
| ٦١ | بەشی چوارەم: چۆن دەگەیت بە ئازادی دارایی؟ |
| ٧١ | بەشی پێنجەم: شکست ئاساییە |
| ٨٤ | بەشی شەشەم: بیرکردنەوەی مەترسیدار |
| ٩٥ | بەشی حەوتەم: چۆن بە کاری کەمتر، داهاتی زیاترمان هەبێت؟ |
| ١٠٣ | بەشی هەشتەم: پلانەکەت چەند خێرایە؟ |
| ١١٩ | بەشی نۆیەم: بینینی داهاتوویەکی دەوڵەمەند |
| ١٣٩ | بەشی دەیەم:  هێزی چیرۆکە ئەفسانەییەکان |
| ١٦١ | پێڕست |
| ١٦٢ | کتێبەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان |

## کتێبەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان

| ژ | ناوی کتێب | شێواز | نووسەر/وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| ١ | شادمانی لە ناوجەرگەی سەختییەکاندا | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٢ | دوای دڵت بکەوە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٣ | ڕێی ساماندرابوون | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٤ | دەستکەوتت زیادبکە | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٥ | کاتت زیادبکە | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٦ | دەرمانی کاردواخستن | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٧ | بازارکاریی دەروونی | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٨ | وەک دکتۆرەکان بفرۆشە | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ٩ | کڕیارەکانت زیاد بکە | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٠ | شکاندنی سنوورەکانی فرۆش | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ١١ | بزنس ئەمەیە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ١٢ | فرۆشتن لە پەیجدا | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٣ | ستراتیژی ڕکابەری | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٤ | فرۆشتن لە قەیراندا | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٥ | هونەری معامەلەکردن | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٦ | بیرۆکەی دوکانداران | نووسین | زانیار غەریب |
| ١٧ | ئابووریی خێزان | نووسین | زانیار غەریب |
| ١٨ | تواناکانت زیادبکە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩ | پێش ئەوەی واز لە کارمەندی بهێنیت | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب<br>زێوەر غەریب |
| ٢٠ | خانەنشینی گەنج و ساماندار | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب<br>زێوەر غەریب |

## بۆ داواکردنی کتێبەکان

ئەم بارکۆدە سکان بکەن و (کتێبەکان) هەڵببژێرن، یاخود نامە بنێرن بۆ (پەیجی کارسازی شادمان)

بۆ وەرگرتنی ڕاوێژی تایبەت بۆ بزنسەکەتان

یان خولی تایبەت بۆ کارمەندەکانتان

پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکەن:

07748213653

07508724916

## خولەکانی ئێمە




(خولی فرۆشی ڕووبەڕوو)




(خولی هونەری معامەلەکردن)




(خولی ڕکابەریی بازاڕ)



(خولی وەرگرتن و بەڕێوەبردنی کارمەند)



(خولی بەخێرایی فرۆشت زیاد بکە)



(خولی بڕیاری کارسازی)

ئەمانە و چەندان خولی دیکەش. بۆ داواکردنی خولەکانمان:
سەردانی وێبسایتی کارسازی شادمان بکەن.

www.karsazyshadman.com

# قوتابخانەی بزنس

نووسین: ڕۆبێرت کایۆساکی

وەرگێڕان:

گەشتیار غەریب – زێوەر غەریب

له بەرهەمەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان

کتێبی ژمارە (٢١)

قوتابخانەی بزنس

## ناسنامەی کتێب:


- ناوی کتێب: قوتابخانەی بزنس
- نووسین: ڕۆبێرت کایۆساکی
- وەرگێڕان: گەشتیار غەریب – زێوەر غەریب
- پێداچوونەوە: تیمی کارسازی شادمان
- دیزاینی بەرگ: میر موکری
- نۆرەی چاپ: یەکەم
- ساڵی چاپ: 2024
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٥ هەزار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٥٧٢)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.

## بۆ داواکردنی کتێبەکە

☑ سەردانی ئەم لینکە بکەن:

https://forms.gle/9ignv41VZcUccJo48

# پێشەکی

کایۆسـاکی بە زمانێکی سـادە دەڵێت: دەبێت هەمووان بەردەوام لە فێربووندا بن، بەڵام فێربوونی قوتابخانە فێری دەوڵەمەندیمان ناکات.

سێ جۆر فێربوونمان هەیە:

- فێربوونی ئەکادیمی: نووسین و خوێندنەوە.
- فێربوونی پیشەیی: زانکۆ و کاری بازاڕ.
- فێربوونی دارایی: پاراستن و زیادکردنی پارەکانمان.

ئەو هەمیشە دەڵێت: قوتابخانە کێشەی ئەوەیە فێری سووڕی ژیانی ئاژەڵانمان دەکات، بەڵام فێری پارەپەیداکردن و سەرمایەگوزاریمان ناکات.

لەم کتێبەدا کایۆساکی ڕای خۆی لەسەر نێتوۆرک مارکێتینگ باسکردووە. پوختەی قسەی کایۆساکی ئەمەیە: نێتوۆرک مارکێتینگ؛ قوتابخانەیەکی بزنسییە و فێرمان دەکات کۆنترۆڵی هەستەکانمان بکەین، بفرۆشین و سەرکردایەتی تیمەکەمان بکەین. هەر کەس (٥ساڵی) بەردەوام لەم بوارەدا کاربکات، دەبێتە کەسێکی ئامادە بۆ ئەوەی بزنسێکی سیستمی گەورە دروستبکات.

کایۆســـاکی خۆی هەرگیز بەشـــداریی نێتوۆرک مارکێتینگی نەکردووە، بەڵام بڕوای وایە بۆ گەنجەکـان زۆر پێویســـتە تـا پەروەردەیەکی بزنسیان دەست بکەوێت و لە قورسییەکانی بزنس تێبگەن.

ماوەتەوە بڵێم: ئەمە ســێیەم کتێبی کایۆســاکییە کە دەیخەینە بەردەست خوێنەرەکانمان، پێشـتر ئەم دوو کتێبەی کایۆسـاکیمان چاپکردووە:

- پێش ئەوەی واز لە کارمەندی بهێنیت
- خانەنشینی گەنج و ساماندار

ئێمە بەردەوام دەبین لە وەرگێڕانی کتێبەکانی تری کایۆساکی. بەڵام شـێوەی کتێبەکانی کایۆسـاکی وایە کە کتێبەکانی گەورەن و ڕســـتەی دووبارەیان زۆر تێدایە. ڕســـتە دووبارەکانمان کەم کردووەتەوە تا خوێنەر ماندوو نەبێت.

ئێمە دەمـانەوێت خوێنەری کورد، بە پوختی لە پەیـامەکـانی کایۆساکی تێبگەن.

گەشتیار غەریب
سلێمانی ٢٠٢٤/٧/٧

# بەشی یەکەم
# بۆچی زۆرینە دەوڵەمەند نابن؟

یەکەمین بەشـــی کتێبەکە باس لە پەروەردەی قوتابخانە و ســـوودی پەروەردەکە لە ژیـانی ڕاســـتەقینەمـانـدا دەکـات. هەروەهـا چیرۆکی داهێنەری بەنێوبانگ؛ تۆماس ئەدیسۆن دەگێڕێتەوە.

بابەتەکانی ئەم بەشە:

- **بۆچی قوتابخانە فێری پارە پەیداکردنمان ناکات؟**
- **چیرۆکی تۆماس ئەدیسۆن**
- **قوتابخانەیەکی بزنس بۆ خەڵک**

## بۆچی قوتابخانە فێری پارە پەیداکردنمان ناکات؟

ئەو کاتەی تەمەنم نزیکەی (١٥ ســـاڵ) بوو، لە دوای خوێندن، لە ئۆفیسی باوکی دەوڵەمەند کارمەند بووم و کارم دەکرد. بەهۆی ئەوەی قوتابییەکی تەمبەڵ بووم، زۆر لە قوتابخانە بێزاربووم.

حەزمــدەکرد فێری ڕێگــای دەوڵەمەنــدبوون ببم، بەڵام لە قوتــابخــانە نــاچــار دەکرام فێری ژیــانی پەلەوەر و بــاڵنــدە و خشــۆکەکان ببم. ڕۆژێک لە باوکی دەوڵەمەندم پرســی: بۆچی لە قوتابخانە فێری پارە پەیداکردنمان ناکەن؟

باوکی دەوڵەمەند زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: پرســـــیارێکی جوانە، بەڵام مەبەستت چییە لەم پرسیارە؟

وتم: زۆر ناخۆشـــە کە ڕۆژانە دەچمە قوتابخانە و وانەکانیش پەیوەنــدییــان بە ژیــانی ڕاســـــتەقینەمەوە نییە. دەمەوێـت فێری دەوڵەمەندبوون ببم، بەڵام لەجێی ئەوە، ســـــووڕی ژیانی باڵندە دەخوێنم!

مەگەر زانیاری لەسەر خشۆک و باڵندەکان یارمەتیم دەدات لە کڕینی ئۆتۆمبێل و خانوو؟ کاتێک لە مامۆســـــتاکانم دەپرســـــم: خوێندنی ئەم بابەتانە چ ســـــوودێکم پێ دەگەیەنێت، مامۆســـــتاکانم دەڵێن: پێویســـتە ئەمانە بخوێنیت تا نمرەی باش بەدەســـت بهێنیت، تا دواتر کارێکت دەستبکەوێت.

باوکی دەوڵەمەند وتی: زۆربەی خەڵک بەدوای پارەیەکی پارێزراوەوەن. ئەوان دەچنە قوتابخانە بۆ ئەوەی بگەن بە کارێک و لە ئاسایشی دارایی بژین.

قسەکەم پێ بڕی و وتم: بەڵام من ئەوەم ناوێت. من نامەوێت کارمەند بم و بۆ کەسێکی تر کار بکەم. نامەوێت ژیانم بەو شێوەیە بەسەر ببەم. دەمەوێت ئازاد بم، دەمەوێت دەوڵەمەند بم.

ئەوانەی کتێبەکانی ترم دەخوێننەوە دەزانن: باوکی دەوڵەمەندم لە بنەماڵەیەکی هەژاردا پەروەردە بووە، بەڵام لە کۆتاییدا بوو بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین پیاوەکانی ویلایەتی هاوایی.

باوکی هەژارم (باوکی ڕاستەقینەم)، پیاوێکی خوێندەوار بوو، بەرپرسێکی حکوومی بوو و مووچەیەکی زۆری هەبوو، هەرچەندە پارەی باشی دەست دەکەوت، بەڵام هەموو ژیانی بە هەژاری بردەسەر.

دەمزانی لە قوتابخانەدا ئەو فێربوونە بوونی نییە کە من دەمەوێت. دوای ئەوەی بینیم دایکم و باوکم بەهۆی نەبوونی پارە بەردەوام دەمەقاڵێیانە، ئیدی دەستم کرد بە گەڕان بەدوای کەسێکدا تا بتوانێت فێری پارەم بکات.

هەر بۆیە چوومە لای باوکی دەوڵەمەندم بۆ خوێندن. لە تەمەنی (نۆ ساڵی)یەوە تا تەمەنی (٣٨ ساڵی) من قوتابی باوکی دەوڵەمەندم بووم.

هەر بەهۆی وانەکانی باوکە دەوڵەمەندەکەمەوە، توانیم لە تەمەنی (٤٧ساڵی)دا خانەنشین بم. ئەگەر من ئامۆژگارییەکانی باوکی هەژارم جێبەجێ بکردایە، دەبوومە کارمەندێکی باش و ناچار بووم تا ئەمڕۆش کار بکەم.

باوکی هەژارم هەمیشە دەیوت: بڕۆ قوتابخانە و نمرەی باش بەدەست بهێنە، تا کارێکی سەلامەتت بە موچەیەکی جێگیر دەستبکەوێت.

باوکی دەوڵەمەندم هەمیشە دەیوت:

ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت، پێویستە خاوەنکار و وەبەرهێنەر بیت. بەڵام کێشەکە ئەوەیە قوتابخانە فێرت ناکات خاوەنکار و وەبەرهێنەر بیت!

# تۆماس ئەدیسۆن

ڕۆژێک باوکی دەوڵەمەند پرسی: ئەمڕۆ لە قوتابخانە چیتان خوێند؟ وتم: ئەمڕۆ ژیانی (تۆماس ئەدیسۆن)مان خوێند. مامۆستاکەمان باسی پرۆسەی داهێنانی کارەبای لەلایەن ئەدیسۆنەوە کرد.

باوکم وتی: باشە، چی تر؟

وتم: هەر ئەوەندە، مەگەر زیاتر هەیە؟

باوکی دەوڵەمەند وتی: مامۆستاکەتان هەڵەی کردووە، باسکردنی داهێنانی کارەبا هەرگیز گرنگ نییە.

پرسیم: بۆچی گرنگ نییە؟ ئەی چی گرنگە؟

باوکم وتی: ئەدیسۆن یەکەم داهێنەری کارەبا نییە و پێش ئەویش کارەبا هەبووە، بەڵام جیاوازیی ئەدیسۆن و داهێنەرانی دیکە ئەوەبوو کە: داهێنەرەکانی تر نەیانتوانی بۆ خەڵکی ڕوونبکەنەوە کە سوودی کارەبا چییە و چۆن دەکرێت بەهۆی کارەباوە "پارە پەیدا بکرێت"؟ کارەبا بەهای بازرگانی هەیە.

وتم: بەهای بازرگانی؟

باوکی دەوڵەمەند وتی: بەڵێ، داهێنەرەکانی تر نەیاندەزانی چۆن بە داهێنانەکەیان پارە بەدەستبهێنن، بەڵام ئەدیسۆن زانی! تۆماس ئەدیسۆن تەنها داهێنەرێک نەبوو، ئەو دامەزرێنەری کۆمپانیای "جەنەراڵ ئێلیکتریک" و چەندین کۆمپانیای گەورەی تر بووە. ئایا مامۆستاکەت ئەوانەی بۆ باسکردن؟

وتم: نەخێر.

باوکی دەوڵەمەند وتی: ئەدیسۆن لە قوتابخانە دەرکرا، چونکە مامۆستاکانی پێیان وابوو گەمژەیە و ناتوانێت هیچ فێربێت. هەر بۆیە دەستیکرد کارکردن. سەرەتا شیرینی دەفرۆشت و دواتر ڕۆژنامە، بەمە فێری فرۆش بوو و بووە فرۆشیارێکی بەتوانا.

زۆری نەخایاند، دەستیکرد بە چاپکردنی ڕۆژنامەی خۆی و تیمێکی بەکرێ گرت بۆ ئەوەی ڕۆژنامە و شیرینیشی بۆ بفرۆشن. لە کاتێکدا هێشتا لە (بیستەکانی تەمەنی)دا بوو، بوو بە خاوەنکار و دەیان کارمەندی دامەزراند.

پرسیم: بۆچی مامۆستاکەم ئەوەی پێ نەوتین؟

باوکی دەوڵەمەند وتی: مامۆستاکان ئەوانە نازانن. تەنها شتێکی کەم دەزانن. لەمەش زیاتر هەیە لەسەر ئەدیسۆن.

بەردەوام بوو و وتی: دوای ماوەیەک ئەدیسۆن لە فرۆشتنی ڕۆژنامە بێزاربوو و دەستیکرد بە فێربوونی (چۆنیەتی ناردنی کۆدی مۆرس) بۆ ئەوەی بتوانێت کار بە (تەلەگراف) بکات.

(لە ڕابردوودا "تەلەگراف" یەکەم ئامرازی گواستنەوەی نامە بووە.

## بۆچی تەلەگراف؟

قسەکەم بە باوکی دەوڵەمەند بڕی و پرسیم: تەلەگراف؟ بەڵام بۆچی؟

باوکی دەوڵەمەند وتی: تەلەگراف لەو سەردەمەدا پێشکەوتووترین و ئاسانترین هۆکاری گواستنەوەی پەیوەندی بوو. بەڵام گرفتێک لە تەلەگرافدا هەبوو، ئەویش نرخە بەرزەکەی بوو. تێچووی گواستنەوەی یەک وشە نزیکی (٣٤ دۆلار) بوو! ئەو دەیویست داهێنانێک بکات کە کاری خەڵکی ئاسان بکات.

بۆیە سوودی لە کارە وەرگرت، بە خەڵکی وت: گەر تەلەگراف بە تەزووی کارەبا کاربکات، وا دەکات نرخی گواستنەوەی وشە هەرزان ببێت.

داهێنانەکەی ئەدیسۆن بووە هۆی کەمبوونەوەی نرخی نامە ناردن. ئەدیسۆن کارەبای داهێنا، بۆ کەمکردنەوەی نرخی تەلەگراف، نەوەک بۆ دروستکردنی ڕووناکی.

وتم: کەوایە گەر تەلەگراف نەبوایە، کارەبا بەهایەکی زۆر کەمی دەبوو بۆ خەڵکی.

باوکی دەوڵەمەند زەردەخەنەی کرد و وتی: ڕاست دەکەیت. دەوڵەمەندەکان سیستم و تۆڕی بازرگانی دروست دەکەن و ئەوانی دیکە بەکاری دەهێنن.

# سیستم و تۆڕ؟

پرسیم: سیستم و تۆڕ؟ گەر بمەوێت دەوڵەمەند بم، پێویستە فێربم چۆن سیستم و تۆڕی بازرگانی دروست بکەم؟

باوکی دەوڵەمەند وتی: زیاتر لە ڕێگەیەک هەیە بۆ دەوڵەمەندبوون، بەڵام دەوڵەمەندە گەورەکان هەمیشە تۆڕیان دروستکردووە.

جۆن ڕۆکفیلەر؛ لە سەردەمی خۆیدا دەوڵەمەندترین پیاوی جیهان بوو. ڕۆکفیلەر کۆمپانیای (ستاندارد ئۆیل)ی دامەزراند. کارەکەی دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت بوو، بەڵام ڕۆکفیلەر بەوەوە نەوەستا و تۆڕێکی سوودمەندبوونی لە نەوت دروستکرد.

ئەو تۆڕی بەنزینخانە و بارهەڵگری گەیاندن و کەشتی و بۆری دروستکرد. ڕۆکفیلەر ئەوەندە دەوڵەمەند و بەهێز بوو، کە بەهۆی تۆڕەکەیەوە حکومەتی ئەمریکا بە قۆرخکاریی (داگیرکاریی) ناوی برد.

باوکی دەوڵەمەند بەردەوام بوو و وتی: دواتر تۆڕی ڕادیۆ و تۆڕی تەلەفزیۆن هاتنە ئاراوە. هەر جارێک داهێنانێکی نوێ دەهاتە پێشەوە، ئەو کەسانەی دەوڵەمەند دەبوون، ئەو کەسانە بوون کە تۆڕی سوودمەندبوونیان لە داهێنانەکە دروست دەکرد.

## بۆچی لە قوتابخانە ئەمانە ناخوێنین؟

پرسـیم: کەواتە بۆچی سـیسـتمی قوتابخانەکانمان فێری دروستکردنی سیستم و تۆڕمان ناکات؟

باوکی دەوڵەمەند هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و وتی: نازانم. پێم وایە هۆکارەکەی ئەوەیە کە زۆربەی خەڵک حەزدەکەن کارمەندی تۆڕێکی بازرگانی بن، نەوەک دامەزرێنەری تۆڕێکی بازرگانی.

بـاوکی دەوڵەمەنـد بەردەوامبوو لە قسـەکـانی و وتی: من نەمدەویسـت کار بۆ دەوڵەمەندەکان بکەم. هەر بۆیە تۆڕی خۆمم دروسـت کرد. لە سـەرەتای تەمەنمدا پارەیەکی زۆر کەمم دەسـت دەکەوت، چونکە سـەرقاڵی دروسـتکردنی تۆڕە بازرگانییەکەم بووم.

بۆ ماوەی (٥ سـاڵ) زۆر کەمترم لە لە هاوڕێکانم دەسـت دەکەوت. بەڵام دوای (١٠ ساڵ) لە زۆربەی هاوڕێکانم دەوڵەمەندتر بووم، تەنانەت لەوانەش کە بوون بە پزیشک و پارێزەر.

لە جیهـانی ئەمڕۆدا، تەکنەلۆژیـا و هێزی کۆمپیوتەرەکـان وادەکەن خەڵکی سـامـانێکی گەورەیـان هەبێت، ئەگەر کـار بۆ دروستکردنی تۆڕی خۆیان بکەن.

ئەم کتێبە تایبەتە بەو کەسانەی کە دەیانەوێت تۆڕی بازرگانی خۆیان دروست بکەن. ئەمڕۆ ئینتەرنێت نوێترین تۆڕەکانی جیهانە،

زۆر کەسی کردووە بە ملیۆنێر و تەنانەت چەند کەسێکیشی کردۆتە ملیاردێر.

من وەک کایۆساکی؛ نووسینەکانم (ملیۆنان دۆلار)یان بەدەستهێناوە، نەک لەبەر ئەوەی نووسەرێکی گەورەم، بەڵکو لەبەر ئەوەی تۆڕی بازرگانیم هەیە.

وەک باوکی دەوڵەمەند وتی: دەوڵەمەندەکان تۆڕ دروست دەکەن و هەژارەکان بەدوای کاردا دەگەڕێن.

## بۆچی دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبن؟

زۆربەمان گوێمان لەو وتەیە بووە کە دەڵێت: پەڕەکانی باڵندە بەیەکەوە کۆدەبنەوە. ئەو وتەیە نەک تەنها بۆ باڵندەکان ڕاستە، بەڵکو بۆ کەسانی دەوڵەمەند و هەژاریش ڕاستە.

دەوڵەمەندەکان کار لەگەڵ دەوڵەمەندی دیکەدا دەکەن و هەژارەکان کار لەگەڵ کەسانێکدا دەکەن کە هەژارن.

جارێک باوکی دەوڵەمەند وتی: ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت، پێویستە کار لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەیت کە دەوڵەمەندن، یان دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ دەوڵەمەندبوون.

هەروەها وتی: زۆر کەس ژیانیان لەگەڵ کەسانێک بەسەر دەبەن کە لە ڕووی داراییەوە هەژارن.

پرسیارێک کە ڕەنگە باش بێت لە خۆتی بکەیت ئەوەیە: ئایا ئەو کۆمپانیایەی کە کاری بۆ دەکەم و ئەو کەسانەی کە کاتیان لەگەڵدا بەسەر دەبەم، دەیانەوێت دەوڵەمەند بن یان زیاتر ئارەزووی ئەوە دەکەن کارمەند بن؟

لە تەمەنی (١٥ ساڵی)دا زانیم کە یەکێک لە ڕێگاکان بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بم و بگەمە ئازادی دارایی ئەوەیە کە فێربم چۆن کار لەگەڵ کەسانێکدا بکەم کە دەتوانن یارمەتیم بدەن دەوڵەمەند بم.

بۆ من، دۆزینەوەی کەسانی گونجاو بۆ دروستکردنی تۆڕی بازرگانی مانای هەبوو. بەڵام بۆ زۆرێک لە هاوپۆلەکانم،

بەدەستهێنانی نمرەی باش و بەدەستهێنانی کارێکی سەلامەت مانای هەبوو.

لە تەمەنی (١٥ ساڵی)دا بڕیارمدا هاوڕێیەتی ئەو کەسانە بکەم دەیانەوێت دەوڵەمەند ببن. نەک ببنە کارمەندێکی دڵسۆز و بۆ دەوڵەمەندەکان کاربکەن.

کاتێک ئاوڕێک لە ژیانم دەدەمەوە، ئەو بڕیارەی لە تەمەنی (١٥ ساڵی)دا دام، بڕیارێک بوو کە ژیان و داهاتووی گۆڕیم. بڕیارێکی ئاسان نەبوو، چونکە لە تەمەنی (١٥ ساڵی)دا دەبوو زۆر وریا بم کە کاتەکانم لەگەڵ کێ بەسەر دەبەم.

بۆ ئەوانەتان کە بیر لە دروستکردنی بزنسی خۆتان دەکەنەوە، دەبێت ئاگاداری ئەوە بن کە کاتەکانتان لەگەڵ کێ بەسەر دەبەن و گوێ لە کێ دەگرن.

وەک گەنجێک لە قۆناغی ئامادەیی زۆر بەوردیی دەستم کرد بە هەڵبژاردنی هاوڕێ و نموونە باڵاکانم، چونکە خێزان و هاوڕێ و نموونە باڵاکانت هۆکارێکی زۆر گرنگن بۆ دروستکردنی تۆڕە بازرگانییەکەت.

# قوتابخانەیەکی بزنس بۆ خەڵک

بزنسێک هەیە کە پێی دەوترێت: (نێتوۆرک مارکێتینگ)، دەمەوێت لەم کتێبەدا وەک قوتابخانەیەکی بزنس باسی بکەم و ڕای خۆمی لەسەر بڵێم.

باوکی دەوڵەمەندم فێری کردم کە تۆڕێکی بازرگانی تایبەت بە خۆم دروست بکەم، نەک ژیانم بەسەر ببەم لە کارکردن وەک کارمەند بۆ تۆڕێکی بازرگانی.

فێرکردنی خەڵک بۆ تێگەیشتن لە هێزی بونیادنانی بزنسی خۆیان کارێکی ئاسان نییە. هۆکارەکە ئەوەیە کە زۆربەی خەڵک فێرکراون کارمەند بن نەک خاوەنکارێک کە تۆڕی بازرگانی خۆیان دروست دەکەن.

دوای ئەوەی لە ڤێتنام گەڕامەوە، بیرم لەوە کردەوە بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە، بۆ ئەوەی بڕوانامەی ماستەر بەدەست بهێنم.

لەم قسەم لەگەڵ باوکی دەوڵەمەند وتی: ئەگەر لە قوتابخانەیەکی تەقلیدی بڕوانامەی ماستەر بەدەست بهێنیت، کەوایە ڕاهێنراویت بۆ ئەوەی کارمەندی دەوڵەمەندەکان بیت.

ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت نەک کارمەندی دەوڵەمەندەکان، پێویستە بچیتە قوتابخانەیەکی بزنس کە فێرت بکات خاوەنکار بیت.

هەروەها باوکی دەوڵەمەند وتی: کێشەی زۆربەی قوتابخانەکانی بزنس ئەوەیە کە زیرەکترین منداڵەکان دەبەن و ڕاهێنانیان پێدەکەن بۆ ئەوەی ببنە ڕاوێژکار، ژمێریار و پارێزەر بۆ دەوڵەمەندەکان، نەک خاوەنکار بۆ کارمەندەکان.

## بۆچی پشتگیری نێتوۆرک مارکێتینگ دەکەم؟

هۆکارێکی گەورە کە پشتگیری لە پیشەسازی نێتوۆرک مارکێتینگ دەکەم ئەوەیە کە بەها فێری مرۆڤ دەکەن. لە قوتابخانە بازرگانییە تەقلیدییەکاندا ئەم شتە بوونی نییە. بەهای وەک:

باشترین ڕێگەی دەوڵەمەندبوون ئەوەیە خۆت و کەسانی تر فێر بکەیت کە ببنە خاوەنکار، نەک فێریان بکەیت کارمەند بن.

# بەشی دووەم
# زیاد لە ڕێگایەک هەیە بۆ دەوڵەمەندبوون

یەکەمین بەشـــی کتێبەکە باس لە پەروەردەی قوتابخانە و ســـوودی پەروەردەکە لە ژیـانی ڕاســـتەقینەمـانـدا دەکـات. هەروەهـا چیرۆکی داهێنەری بەنێوبانگ؛ تۆماس ئەدیسۆن دەگێڕێتەوە.

بابەتەکانی ئەم بەشە:

| |
|---|
| سێ جۆرەکەی فێربوون |
| کارەساتێکی دارایی |
| هێنری فۆرد نەزانە |

# سێ جۆرەکەی فێربوون

ڕۆژێک لە مامۆستاکەمم پرسی: دەتوانیت فێرم بکەیت دەوڵەمەند ببم؟

مامۆستاکەم وتی: نەخێر، کاری من ئەوەیە کە یارمەتیت بدەم فێرببیت و دەربچیت، دواتر بتوانیت کارێکی باش بدۆزیتەوە.

وتم: بەڵام ئەگەر نەمەوێت ببمە کارمەند و بمەوێت دەوڵەمەند بم چی؟

مامۆستاکەم وتی: بۆچی دەتەوێت دەوڵەمەند بیت؟

وتم: چونکە دەمەوێت ئازاد بم. من دەمەوێت پارە و کاتم هەبێت بۆ ئەوەی ئەو شتانە بکەم کە دەمەوێت بیانکەم. نامەوێت تەواوی ژیانم کارمەند بم. نامەوێت خەونەکانی ژیانم بەپێی مووچەکەم پێوانە بکرێت.

مامۆستاکەم وتی: تۆ هەڵەیت، گەر نمرەی باشت نەبێت و کارێکی مووچە بەرزت نەبێت، دەوڵەمەند نابیت.

لە کتێب و سیمینار و خولەکانمدا زۆرجار ئاماژە بەو سێ جۆرە جیاوازەی فێربوون دەکەم کە پێویستمان پێیەتی گەر بمانەوێت لە ژیاندا سەرکەوتوو بین و باری ئابووریمان باشتر ببێت، ئەوانیش ئەمانەن:

# فێربوونی قوتابخانە

فێربوونی قوتابخانە وا دەکات فێری خوێندنەوە و نووسین و بیرکاری ببین. فێربوونێکی زۆر گرنگە و هیچ کاتێک نابێت دژایەتی بکەین. ئێمە نامانەوێت مرۆڤەکان نەخوێندەوار بن. ڕاستە من حەزم لێی نەبووە و لە قوتابخانەدا زیرەک نەبووم.

من لە قوتابخانەدا باش نەبووم. من زۆربەی ژیانم خوێندکارێکی تەمبەڵ بووم، چونکە حەزم لەوە نەبوو کە فێری دەکرام.

من خوێنەرێکی زۆر خاوم، لە نووسیندا خراپم. هەرچەندەش خوێنەرێکی خاوم، بەڵام زۆر دەخوێنمەوە. زۆرجار دەبێت دوو سێ جار هەمان کتێب بخوێنمەوە تا تێبگەم چی دەخوێنمەوە.

من نووسەرێکی بەتوانا نیم، بەڵام دەزانم کتێبەکانم بفرۆشم و حەوت کتێبم لە لیستی پڕفرۆشەکانی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز و وۆڵ ستریت جۆرناڵ)دا هەبووە.

وەک لە کتێبی (**باوکی سامانداری باوکی هەژار**)دا دەڵێم، من نووسەرێکی باش نیم، بەڵکو نووسەرێکی پڕفرۆشم.

# فێربوونی پیشەیی

پەروەردەی پیشـــــەیی کە خوێندنی زانکۆ یان کارکردن لە بوارێکدایە، فێرت دەکات چۆن کار بۆ پارەبکەیت. بەو پێیەی لە قوتابخانەدا باش نەبووم، بوون بە پزیشـــک، پارێزەر یان ژمێریار بۆ من نەبوو. بەڵکو بوومە ئەفسەری کەشتی لە کۆمپانیای نەوتی ستاندارد ئۆیڵ (کۆمپانیاکەی جۆن ڕۆکفیلەر).

لەبەر ئەوەی جەنگی ڤێتنام دەستی پێکرد، لەبری ئەوەی پەرە بە توانای کەشتیوانیم بدەم، چوومە (شاری پێنساکۆلا) لە ویلایەتی (فلۆریدا) و لەوێ لە قوتابخانەی هێزی دەریایی ئەمریکا بوومە فڕۆکەوان.

هەردوو باوکم هانیاندام شـــەڕ بۆ وڵاتەکەم بکەم. بۆیە من و براکەم خۆبەخشـــانە چووینە ڤێتنام. تا تەمەنی (٢٣ ســـاڵ)یم ئەزموونی تەنها دوو پیشەم کردبوو،

- ئەفسەری کەشتی و
- فڕۆکەوان.

بەڵام هیچکامیان نەبوونە هۆکارێک بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەم.

## فێربوونی دارایی

لێرە فێردەبیت پارەکانت بخەیتە کارەوە و زیاد بکەن. واتا: ئیتر تۆ کار بۆ پارە ناکەیت و پارە کارت بۆدەکات. ئەم ئاستە سێیەمەی فێربوون لە هیچکام لە قوتابخانەکانماندا ناخوێندرێت. تەنها لە خول و کتێبەکاندا هەن.

باوکە هەژارەکەم پێی وابوو کە تەنها فێربوونی قوتابخانە بەسە بۆ سەرکەوتن! باوکی دەوڵەمەندم وتی: ئەگەر لە فێربوونی داراییدا خراپ بیت، هەمیشە کار بۆ دەوڵەمەندەکان دەکەیت.

فێربوونی قوتابخانە

فێربوونی پیشەیی

فێربوونی ئابووری

## کارەساتێکی دارایی

بەڕای من ئەمریکا و زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا تووشـــی کارەساتی دارایی بوون؛ بەهۆی شکستی سیستمی پەروەردەوە.

لەم دواییانەدا بینیمان ملیۆنان کەس لە بازاڕی بۆرســـەدا (تریلیۆنان دۆلار)یان لەدەستداوە. من پێشبینی کارەساتێکی گەورە دەکەم لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕووبدات، ئەویش بۆ خانەنشینەکانە کە پارەی پێویستیان نابێت بۆ ژیان!

زۆرجار گوێم لە ڕاوێژکارە داراییەکان دەبێت کە دەڵێن: پاش خانەنشینبوون خەرجی ژیانت دادەبەزێت.

قســـەکەی ئەوان هەڵەیە! دوای خانەنشـــینبوون خەرجییە پزیشـــکییەکانت بەرزدەبنەوە. ناتوانیت بە موچەی خانەنشـــینیت نەشـــتەرگەریی دڵ ئەنجام بدەیت؟ ناتوانیت ئەو دەرمانانە بکڕیت کە دکتۆرەکەت بۆت دەنوسێت؟

باوکە هەژارەکەم لەبارەی خانەنشـــینیەوە دەیوت: حکومەت ئاگاداری کەســـە هەژارەکان دەبێت. لەگەڵیدا هاوڕام، حکومەت تا ڕادەیەکی کەم خەم دەخوات لە هەژارەکان، بەڵام نازانم چۆن حکومەت دەتوانێت یارمەتی ملیۆنان کەســـەبدات کە بەمزووانە پێویستیان بە پاڵپشتی دارایی دەبێت؟

بەڕای من دەبێت قوتابخانەکانمان دەسـت بکەن بە وتنەوەی وانەی دارایی. بە دڵنیاییەوە فێربوونی دارایی گرنگترە لە فێربوونی سووڕی ژیانی پەلەوەر و خشۆکەکان.

## ئێمە بەبێ گرفت خانەنشین بووین

(من و کیم)ی هاوسەر توانیمان لە ناوەڕاستی ژیانماندا بەبێ هاوکاری حکومەت و بەبێ هیچ پشکێک و گرێبەستێک خانەنشین بین. بێگومان ئێمە ئەمەمان بە دروستکردنی بزنسی خۆمان ئەنجام دا. (لە کتێبی: خانەنشینی گەنج و ساماندار بەوردیی لەم بارەیەوە نووسیومە). (ئێمە وەک پڕۆژەی کارسازی شادمان ئەم کتێبەمان کردووە بە کوردی و ئێستا بەردەستە).

باوکی دەوڵەمەند وتی: دروستکردنی بزنسی خۆت باشترین ڕێگایە بۆ دەوڵەمەندبوون. دوای ئەوەی بزنسەکەت دروست کرد، دەتوانیت دەست بکەیت بە وەبەرهێنان لە سەروەت و سامانی تردا.

## کاری قورس بۆ داهاتێکی خراپ

باوکی دەوڵەمەند وتی: زۆر کەس بۆ جۆرێکی هەڵەی داهات کار دەکەن. ئەو کەسانەی کە لە ڕووی جەستەییەوە هیلاک دەبن بۆ پەیداکردنی پارە.

هەروەها باوکی دەوڵەمەند وتی: زۆر کەس بە درێژایی ژیانیان بە زەحمەت کار دەکەن، بەڵام بە هەژاری خانەنشـــین دەبن و بەهەژاریش ژیان بەجێدەهێڵن. ڕەنگە بۆ چەند ســـاڵێک ناچار بیت بە زەحمەت کار بکەیت، بەڵام لە کۆتاییدا ئازاد بیت لەوەی کە هەرگیز جارێکی تر کار نەکەیتەوە. هەڵبەت گەر ئەوە بژاردەی تۆ بێت.

بە بۆچوونی من نێتوۆرک مـارکێتینـگ ڕێگەیەکی زۆر دادپەروەرانەیە بۆ پەیداکردنی پارە. سـیسـتمەکە کراوەیە بۆ هەر کەسێک کە ئیرادە و کۆڵنەدانی هەبێت.

سـیسـتمەکە گرنگی بەوە نادات: چ بەشـێکت خوێندووە؟ چەند پارەت هەیە؟ چەندە بەناوبانگیت؟ چ ڕەگەزێکیت؟ چەندە جوانیت؟ دایک و باوکت کێن؟

زۆربەی کۆمپانیاکانی نێتوۆرک مارکێتینگ بە پلەی یەکەم گرنگی بەوە دەدەن کە چەنـدە ئـامـادەیت بۆ فێربوون، چەنـدە ئامادەیت بگۆڕێیت و گەشە بکەیت.

# نامەوێت یارمەتی هەژارەکان بدەم

لەم دواییـانەدا گوێم لە وەبەرهێنەرێکی بەنـاوبـانـگ بوو کە وتـارێکی پێشـــــکەش دەکرد؛ وتی: من حەز نـاکەم خەڵـک فێری وەبەرهێنـان بکەم، من حەزم لە یـارمەتیـدانی خەڵکی هەژار نییە. دەمەوێت کات لەگەڵ کەسانی زیرەکی وەک خۆم بەسەر ببەم.

هەرچەندە من لەگەڵ قسـەکانیدا نیم، بەڵام هێشتا دەستخۆشی لێدەکەم بۆ ڕاستگۆییەکەی. وەک کەسێک کە بەشێکی زۆری ژیانم لەگەڵ دەوڵەمەندەکاندا بووە، زۆرجار گوێم لەم جۆرە قســـــانە بووە، بەڵام بە وریایی و شاراوەیی دەوترا.

زۆرێک دەوڵەمەندەکان بەشـــــداری بابەتە خێرخوازییەکان دەکەن و پارەیان دەبەخشن، تەنها بۆ ئەوەی ڕێزیان لێ بگیرێت و خەڵکی خۆشیان بوێت.

هۆکارێکی ســـــەرەکی کە پشـــــتگیری لە نێتوۆرک مارکێتینگ دەکەم ئەوەیە کە سیستمەکانیان دادپەروەرانەترە لە سیستمەکانی پێشووی بەدەستهێنانی پارە.

هێنری فۆرد؛ یەکێک لە گەورەترین بـازرگـانەکـانی مێژوو، بە جێبەجێکردنی ئەرکی مرۆڤدۆســـــتی پارەی پەیداکرد و دەوڵەمەند بوو.

دیارە فۆرد یەکەم داهێنەری ئۆتۆمبێل نییە و پێشـتر ئۆتۆمبێل هەبوو، بەڵام تەنهـا بۆ دەوڵەمەنـدەکـان بوو، چونکە تەنهـا دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی ئۆتۆمبێل بکڕن.

فۆرد ویســـتی ئۆتۆمبێـل بە نرخێکی گونجـاو بۆ هەمووان دروست بکات، ئەمەش بریتیبوو لە "بەدیموکراسیکردنی ئۆتۆمبێل".

ئەوەی جێگای ســەرنجە هێنری فۆرد لە ســەرەتادا کارمەندی ئەدیســـۆن بووە و لە کاتە بەتاڵەکانیدا یەکەمین ئۆتۆمبێلی خۆی دیزاین کردووە.

لە (ســـاڵی ١٩٠٣)دا کۆمپانیای فۆرد مۆتۆر دامەزرا؛ فۆرد بە کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنـانی ئۆتۆمبێـل، بوو بە گەورەترین بەرهەمهێنەری ئۆتۆمبێل لە جیهاندا.

نەک هەر نرخی ئۆتۆمبێلی بۆ خەڵکی کەم کردەوە، بەڵکو بەرزترین مووچەی بە کارمەندەکانیشـــی دەدا. نەک هەر ئەوەش، تەنانەت ســـیســـتمێکی قازانجی هاوبەشـــی بۆ کارمەندەکانی دروســـتکرد، واتا: بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک بڕێک پارەی دەدا بە هەر کارمەندێک.

بە واتایەکی تر، فۆرد دەوڵەمەندێکی ڕاســـتەقینە بوو. چونکە نەک تەنهـا گرنگی بە کڕیـارەکـانی دەدا، بەڵکو گرنگی بە کرێکارەکانیشی دەدا.

# هێنری فۆرد نەزانە!

جوانترین چیرۆکێک تا ئێستا بیستبێتم لەبارەی فۆردەوە، ئەوکاتە بوو کە چەند مامۆستایەکی ئەکادیمی داوایان لێکرد تاقیکردنەوەی ئاستی زیرەکی ئەنجام بدات. ئەوان دەیانویست بیسەلمێنن کە فۆرد کەسێکی نەزانە.

یەکێک لە مامۆستاکان پرسیاری لە فۆرد کرد: هێزی کێشکردنی ئەو مادده کانزایەی لە دروستکردنی ئۆتۆمبێلەکانتدا کە بەکاریدەهێنیت چەندە.

فۆرد وەڵامەکەی نەدەزانی. داوای کرد جێگری سەرۆکی کۆمپانیا بانگ بکەن. جێگری سەرۆک هاتە ژوورەوە و فۆرد پرسیارەکەی لێکرد. جێگری سەرۆک وەڵامەکەی زانی.

پاشان پرسیارێکی دیکە کرا و دیسانەوە فۆرد وەڵامەکەی نەزانی. کەسێکی دیکەی بانگکرد و ئەو وەڵامەکەی زانی.

ئەم پرۆسەیە بەردەوام بوو تا دواجار یەکێک مامۆستاکان بە دەنگی بەرز وتی: ببینە، ئەمە دەیسەلمێنێت کە تۆ نەزانیت. تۆ وەڵامی هیچ کام لەو پرسیارانە نازانیت کە لێت دەکەین.

هێنری فۆرد لە وەڵامدا وتی: من نەزان نیم، بەڵکو ستراتیژی بیردەکەمەوە. پێویست ناکات کاتم بۆ ئەو بابەتانە خەرج بکەم. قوتابییە زیرەکەکانی قوتابخانە دادەمەزرێنم، ئەوان وەڵامەکان

دەزانن. هەر کاتێکیش خۆم پرسیارێکم هەبوو، وەڵامم دەدەنەوە و کاتم بۆ دەگەڕێتەوە.

کاری من ئەوەیە پارە پەیدا بکەم و مووچەی ئەو کەسانە بدەم کە ئێوە بە زیرەکیان دەزانن. کاری ئێوەش ئەوەیە هەموو تەمەنی خۆتان خەریکی فێربوون بن و تا شانازی بە زیرەکی خۆتانەوە بکەن.  ئێستاش لە ئۆفیسەکەم بچنە دەرەوە!

## دەوڵەمەندی بۆ هەمووان

ئاگادارم هەندێکجار کەسانی تەماحکار هەوڵی بەدەستهێنانی پارەی خێرا دەدەن لەڕێی نێتوۆرک مارکێتینگەوە. بەڵام نێتوۆرک مارکێتینگ سیستمێکی زۆر دادپەروەرانەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ هاوبەشکردن و بەخشینەوەی پارە.

بزنسی نێتوۆرک مارکێتینگ بۆ کەسانی تەماحکار باش نییە. بزنسێکی گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی کە حەزیان لە یارمەتیدانی کەسانی دیکەیە. بە شێوەیەکی تر بڵێین: تاکە ڕێگای کارکردن بە نێتوۆرک مارکێتینگ، یارمەتیدانی کەسێکی ترە بۆ ئەوەی بە دەوڵەمەندبوونت، ئەویش دەوڵەمەند ببێت.

بۆ من ئەوە دادپەروەرانەیە، هەروەک چۆن تۆماس ئەدیسۆن و هێنری فۆرد لە سەردەمی خۆیاندا بە دادپەروەری دەوڵەمەند بوون.

# بۆ داواکردنی کتێبەکە

☑ سەردانی ئەم لینکە بکەن:

https://forms.gle/9ignv41VZcUccJo48

## پێڕست:


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| بەشی یەکەم: بۆچی زۆرینە دەوڵەمەند نابن؟ | ٧ |
| بەشی دووەم: زیاد لە ڕێگایەک هەیە بۆ دەوڵەمەندبوون | ٢١ |
| بەشی سێیەم: دەرفەتی یەکسان | ٣٣ |
| بەشی چوارەم: پەروەردەی بزنسی | ٤١ |
| بەشی پێنجەم: گۆڕینی هاوکێشەی ژیانت | ٦٣ |
| بەشی شەشەم: پەرەپێدانی گرنگترین لێهاتوویيت | ٩١ |
| بەشی حەوتەم: سەرکردایەتیکردن | ١١١ |
| بەشی هەشتەم: بۆ پارە کار مەکە | ١٢٧ |
| بەشی نۆیەم: هێزی خەیاڵکردن | ١٥١ |
| پێڕست | ١٦٢ |
| کتێبەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان | ١٦٣ |

# کتێبەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان

| ژ | ناوی کتێب | شێواز | نووسەر/وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| ١ | شادمانی لە ناوچەرگەی سەختییەکاندا | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٢ | دوای دڵت بکەوە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٣ | ڕێی ساماندار‌بوون | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٤ | دەستکەوتت زیادبکە | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٥ | کاتت زیادبکە | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٦ | دەرمانی کاردواخستن | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٧ | بازاڕکاریی دەروونی | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٨ | وەک دکتۆرەکان بفرۆشە | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ٩ | کڕیارەکانت زیاد بکە | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٠ | شکاندنی سنوورەکانی فرۆش | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ١١ | بزنس ئەمەیە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ١٢ | فرۆشتن لە پەیجدا | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٣ | ستراتیژی ڕکابەری | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٤ | فرۆشتن لە قەیراندا | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٥ | هونەری معامەلەکردن | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٦ | بیرۆکەی دوکاندانان | نووسین | زانیار غەریب |
| ١٧ | ئابووریی خێزان | نووسین | زانیار غەریب |
| ١٨ | تواناکانت زیادبکە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩ | پێش ئەوەی واز لە کارمەندی بهێنیت | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب<br>زێوەر غەریب |
| ٢٠ | خانەنشینی گەنج و ساماندار | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب<br>زێوەر غەریب |
| ٢١ | قوتابخانەی بزنس | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب<br>زێوەر غەریب |

بۆ داواکردنی کتێبەکان

ئەم بارکۆدە سکان بکەن و (کتێبەکان) هەڵببژێرن، یاخود نامە بنێرن بۆ (پەیجی کارسازی شادمان)

بۆ وەرگرتنی ڕاوێژی تایبەت بۆ بزنسەکەتان

یان خولی تایبەت بۆ کارمەندەکانتان

پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکەن:

07748213653

07508724916